MUKIRYANI

ESTABLISHMENT FOR RESEARCH & PUBLICATION

# دەزگای توێژینەوەو بڵاوکردنەوەی موکریانی

بۆ خوێندنەوە و داگرتنی سەرجەم کتێبەکانی دەزگای

موکریانی سەردانی ماڵپەڕی دەزگای موکریانی بکە...

www.mukiryani.com

بۆ پەیوەندی..

info@mukiryani.com

# مادمازێل کەتی

## کۆمەڵە چیرۆک

میترا ئیلیاتی

# مادمازێل کەتی

## کۆمەڵە چیرۆك

وەرگێڕانی
سەلاح نیساری

## دەزگای توێژینەوە و بڵاوکردنەوەی موکریانی

- **مادمازێل کەتی**
- **نووسینی: میترا ئیلیاتی**
- **وەرگێڕانی: سەلاح نیساری**
- **نەخشەسازی ناوەوە: گۆران جەمال رواندزی**
- **پیتچنین: محەمەدئەمین شاسەنەم**
- **بەرگ: ئاسۆ مامزادە**
- **ژمارەی سپاردن: ٤٠٩**
- **نرخ: ١٠٠٠ دینار**
- **چاپی یەکەم ٢٠٠٨**
- **تیراژ: ٧٥٠ دانە**
- **چاپخانە: چاپخانەی خانی (دهۆك)**

**زنجیرەی کتێب (٢٣٣)**



**هەموو مافێکی بۆ دەزگای موکریانی پارێزراوە**



ماڵپەڕ: www.mukiryani.com

ئیمەیل: info@mukiryani.com




## ناوەڕۆك


پێشەکیی وەرگێڕ ........................................ ١

مادمازێل کەتی ........................................ ٣

پەنابەر ........................................ ٣٥

دەمێنینەوە لە تاریکیدا ........................................ ٣٩

شەمدانەکان ........................................ ٤٠

ماه مونیر ........................................ ٤٣

هەر وەکوو جاران ........................................ ٤٦

یۆسف پڵنگکوژ ........................................ ٥٠

# پێشەکیی وەرگێڕ

پشوودانێك لە ژێر سێبەری خەونە سەوزەکانی چیرۆکی ئافرەتانی ئێران لە دەیەی ٦٠ بۆ سەرێ دڵی پڕی خامە و خامەبەدەستانی بواری ئەدەب بەتایبەت چینی ئافرەت لێوڕێژ لەو خەون و خەیاڵانە بوون کەوا لە ترسی پێلەقە و کوتەك وەك بارەکەوی کەسیرەکەوتوو سەریان لەبن خۆیان نابوو. هیچ ڕەوەز و بەندەن و زەمەن و لاپاڵێکیان بەدی نەدەکرد تێیدا بقاسپێنن. جا با ئەو خوێندن و قاسپاندنەش باسی تراژێدیای تاریکەسەلات و یان بەهەشتی ئەشق و دڵداری با. بەڵام ئەو بقەیە تەواوە و ئەو پەردە چڵکنەش لە بەر تینی خۆرەتاوی ڕاستەقینەدا پوا و ئەو دیوی دیوارەکانیش دەرکەوتن. ژنەنووسەرانی ئێران ئیتر لەو بازنەیە هاتنە دەرێ و بە عالەمی ئاشکرا بانگیان بۆ خەونەکانیان هەڵدا. هەروەك منیرۆ ڕەوانیپوور لە (زن فرودگاه)دا، وەك مەرجان شیرمحەممەدی لە (دوای ئەو شەوە)دا و زۆری دیکەش هەن.

لە پایزی ساڵی ١٣٨١دا وەختێك پیاوسالاری خەلاتی گوڵشیری دەدا بە "مەرجان شیرمحەممەدی"، هەر لەبەر ئەوەی لە چیرۆکەکەیدا باسی پەیمانشکێنی پیاو دەکا! هەر ئەو پیاوەی کە هیچ کات چاوی تێر نابێ، هەر ئەو پیاوەی دەبڕێ، دەکوژێ, دەسووتێنێ و کاول دەکا، هەر ئەو پیاوەی ڕۆژگارێك مێوینەی زیندەبەچاڵ دەکرد و نێرینەشی لە چینی دیوار دەدا. لە دنیای سەنعەت و تێکنۆلۆژیای ئەمڕۆکەشدا بە ملوێنان ئافرەت لە کارخانەکاندا و لە کوورەی خشتپێژاندا و لە چنینی مافوورەدا



چاو و دڵ و فرمێسك و عومر و جوانیان بە سەر ڕایەڵوپۆکاندا دەتەنن, لەولاشەوە دیسان هەر پیاوە بە پێڵاوەوە لاق دەنێتە سەر دڵ و ڕۆح و ماسی گلێنەی چاویان...

ئێستاش وەك تاسەبارێك بۆ کۆمەڵگای کوردی کە ڕۆژێك بێت و ئافرەتانی کوردیش دنیای جوانی و حەز و هیوایان لە دۆزەخی کۆت و کەلەپچەی زێڕ و ئاڵتووندا نەسووتێنن، بۆن و بەرامەی ژیانیان هەمیشە وەك بەهار تازە بێتەوە و ئەوانیش خانمە نووسەرێکی کوردی بن.

خەرمانە چیرۆکی (مادمازێل کەتی) نووسراوەی میترا ئیلیاتی، پێشکەش بێ بە هەموو ئافرەتان و دایکانی کوردەواری کە دوو جار خەڵاتی وەرگرتووە، بەتایبەت خەڵاتی گوڵشیری.

# مادمازێل کەتی

باران دەبارێ. لە بەیانییەوە لێی‌نەکردۆتەوە. کەس لە قەراغ دەریا نییە لە توولە ڕێگای دارستانەکەوە روو دەکەمەوە شارۆچکەکە. ولات بێدەنگە. لەسەر کورسییەك پاڵ دەدەمەوە. لە ژێر سێبەر دەستکردەکان. پاڵ بە کۆڵەپشتییەکەوە دەدەم. لەو بەری مەیدانەکەوە. میوانخانەکەی مادمازێل کەتی داخراوە. سەر لە بەیانیش کە هاتم لەوێ نەبوو.

کەس نازانێ لە کوێیە. دەنگی شەپۆلەکانی زەریا دێ. شەپۆلەکان بە سەر لمە زێڕینەکاندا هەنگاو دەنێن. خۆ بە سنگی کەندەلانە بەردەکاندا دەدا و دەگەڕێتەوە.

گەڵاکان هەڵدەوەرێن. سەرمامە. ڕۆبێرتۆ بەیانی گوتی: «لام وایە حاڵت باش نەبێ. ڕەنگت پەڕیوە کوڕەکە. بۆ ناگەڕێتەوە بۆ ماڵێ؟» لای چەپم وێستگەیە، پاسێکی بەتاڵ ڕاوەستاوە. خۆزگە سوار بم و بچم بۆ ڕۆم.

ماڵەکەم، ماڵ! دیسان ژووره ژیکەڵەکە. شتومەکی تۆز لێنیشتوو.

لەسەر تەختەکە درێژ بوون سیگار کێشان. چاوبڕین لە پەردە خۆڵەمێشییەکە ڕاکشان تا سنووری مردن. ژنی خاوەن ماڵ گوتی: «ئەوانە بۆ من نابێتە کرێی خانوو.»

تابلۆکانی خستە دەرێ. بۆ بەردرگای دیوەکەم.

گیرفانەکانم دەپشکنم بە شوێن پاکەتە سیگارەکەدا. ڕەنگبێ لە شوێنێك کەوتبێ.

لەوە دەچێ لە کەناری دەریا کەوتبێ: سەرمایە. بە ملیوانەی کۆتەکەم ملم دادەپۆشم گوێ لە دەنگی (مۆزیك) دەگرم. مێلێودییەکی شادە. لە چایخانەکەی (خولیو) دێت.

دەشکرێ بچیت و لەگەڵ کۆچەرەکاندا گەڕێك هەڵپەڕیت.

ورد ورد باران دەبارێ.



بەیانی ئاسمان ساماڵ بوو. گەڕۆکەکان بەرەو کەناری دەریا دەچوون.

پیرە پیاوەکان لە کەناری ئاوەکە دانیشتبوون. دەبێ بچین بۆ لابی هوتێلەکان. هەرکە باران دای‌دا وردەواڵە فرۆشەکان شتەکانیان کۆ دەکەنەوە.

ڕۆبێرتۆ گوتی: «نەختێك دەچم لە کازینۆ یاری بکەم.» وردەواڵە فرۆشە. قەولی بە دەزگیرانەکەی داوە هەرکە شتەکانی فرۆشت سەردانێکی ڕۆم بکا، لە فرۆشگە گەورەکان عەتر و گۆرەوی و کڵاو بکڕێ. حەزی لە قومارە. ئەوەی ڕۆژانە پەیدای دەکا شەوانە دەیدۆڕێنێ.

شتەکانی خستە نێو ساکەکەیەوە و کوتی: «بەڵکوو بەختەوەری رووی تێکردم» تەم و مژ وڵاتی داگرتبوو. لە سەربانە سوورەکان چۆکی داداوە. مادمازێل کەتی قفڵێکی زەلامی لە درگای میوانخانەکەی داوە و ڕۆیشتووە. پیترۆ کوتی: «زۆر لەوە دەچێ چووبێتە ئەلجەزایر. وەدووی عاشقە ون بووەکەی کەوتبێ»

گوتم: «ئەو لە ژیاندا کەسێکی نەبوو.»

سەرنجی کاتژمێرەکەی دا: «زۆر درەنگە دەبێ بچم بۆ سەر بەحرێ.

دوانیوەڕۆ وەرە بۆ چایخانەکەم. ڤرژاڵێکت بدەمێ بەقەت نەهەنگێك.»

گەمییەکەی بەرەو ئاوەکە پاڵ پێوەنا. گەڕۆکەکان لە (ئێسکلە)وە سواری گەمیەی سەیرانی دەبوون. بۆ جەزیرە دوورەکان دەرۆیشتن. کۆشی گەمییەکە جمەی دەهات و بەزم و پێکەنین بوو. ڕوومەتی ئاسمان ڕەنگی خۆڵەمێشی لێنیشتبوو پیترۆ سەوڵی لێ‌دەدا و دەچووە پێشێ.

دەبێ هەموو لایەك بە شوێن مادمازێل کەتیدا بگەڕێم: نابێ بگریم. بابم دایمە دەیگوت: ژن گرینۆکە نەك پیاو.

مادمازێل کەتی ئەگەر بێی، لەبەر هەیوانی میوانخانەکەی دابنیشی.

دەکرێ باسی ئەو دەبێ و نابێیەی بابم بکەی.

حەزی دەکرد وەك پیاوێکی ڕاستەقینە گەورەم بکا. بەڵام دایکم بە پێچەوانەوە پێی خوش بوو کچ بایەم. عومرێك لە سەر بارهێنانی من شەڕوهەڵڵایان بوو ئێستاش نەمزانی کامیان سەرکەوتنیان بە دەست هێنا.

مادمازێل کەتی بە نیستانەی خاچ دەست لە سەر سنگ دەدا و قاقا پێدەکەنێ.

پەردە سپییەکانی  پشت پەنجەرەی میوانخانەکەی لانەداوە، بەڵام دڵم هەواڵی هاتنەوەی ئەوم دەداتێ. پێڵووەکانم قورس بوون. دمم ویشکە و لێوم باری هێناوە. بریا لە ماڵێ بام، دایکم لە ژێر کورسیەکە گەرم دایدەپۆشیم و شەربەتێکی تاڵی دەدامێ. دەلەرزم. لێفەکە لە سەر خۆم فڕێ دەدەم.

لە باوەشم دەکا: «لە نیوەشەودا چیبکەم. بێکەس و بێدەر»

پەتووەکەم تێوە دەپێچێ. لە سەر پلیکانەکان لەچکەکەی دەکاتەوە سەری.

بە هەناسە بڕکێ لە کۆڵانەکانەوە تێدەپەڕێ . دەستم لە ئەستۆی کردووە دڵی لە ژێللا دێ.

خورەی ئاو دێ. بۆنی پێستی ماسی دێ. بۆنی ناخۆشی نەخۆشخانە بەسەر چارشێوەکەیدا هێڵنج دەدەم. لە داڵانێکی رووناکەوە تێدەپەڕێ.

چراکان خۆیان لە بنمیچ توند کردووە.

– ئەی هاوار منداڵەکەم مرد، خانم پەرستار!

لەسەر تەختێك رایان کێشاوم. پەرستار کراسەکەم هەڵدەداتەوە. پەلەقاژێ دەکەم. حەولی ئەوەمە هەستمە سەرپێ. هێزی لاقم نییە. چنگ لە مەلافەکە گیر دەکەم. پڕ دەدەمە پەنجەی خانمی پەرستار. دوکتور سەری بە سەرم داگرتووە. دەموچاوی بە بەر چاومدا دێت و دەچێ: قەڵافەی هەڵچوو سەری گەیشتۆتە بنمیچ. ئەگەر دەست درێژ بکات چرا بەرقەکان دادەگرێ. قاقا دەکێشم.

– کوڕی خۆم ناوت چییە؟

دایکم دەڵێ: هادی. ناوی هادییە دوکتورگیان. خەریك بوو لە ژێر کورسییەکەدا دەبوورایەوە»

– پێویستی بە خۆین تاقی کردنەوەیە، ئازمایشی بۆ دەنووسم وا باشە لێرە بێخەوێنن. بابی لە کوێیە؟

دەڵێم:«چووە بۆ مێشێن خەریکی مێشێنە..»



بابم گوێم بادەدا راکێش راکێش دەمباتەوە بۆ ماڵێ. مەڕمەڕەکانم فڕێ دەداتە کەلاوەکەوە.

– مێشێن ئاکاری منداڵی هیچ و پووچە. واز لە کۆڵانان بێنە.

– لەوە دەچێ حەسبە بێت...

خانمی پەرستار ئەمەی وت. لە بان تەختی قەراخ پەنجەرەکە رایکێشاوم.

دەرێ تاریکە.

بابم هاتەوە یەکدوو: قوتووی کۆمپووتی تریێ پێبوو. گوتی: «هەرکە چاك بوویتەوە دەتبەمە بازاڕ و چت بوێ بۆتی دەکڕم.»

دەستی خستە گیرفانییەوە. وتم: «هەڵماتەکانم!» قوتوی سیگار و تەسبیحە زەردەکەی بوو لە پەنام دانیشت پەستار وتی:«لێرە سیگار کێشان یاساغە کاکە. بچۆ دەرەوە»

حەوشەکە رووناك بوو. هەتاو بەسەر چڵی دارەکانەوە خۆی هەڵخستبوو.

پاسارییەکان لە کەیفی خۆیان دابوون.

بابم بزەیەکی هاتێ. پاکەتە سیگارکەی خستەوە گیرفانی. هەتا نیوەڕۆ لە لام دانیشت.

ئیتر پێم خۆش نەبوو. چاك ببمەوە.

هاژەی با دێ. دار و دیوار رادەوەشێنێ. پاسەکە سیگناڵ لێدەدا و وەڕێ دەکەوێ دەورێکی مەیدانەکە لێدەدا و دەگەڕێتەوە. موسافیرەکان لە پەنجەرەکەوە بۆم دەڕوانی بایبام لەگەڵ دەکەن زەردە دەمگرێ. پاسەکە دوور دەکەوێتەوە لە نێو باران و مژدا بزر دەبێ. گەڵاکان دەوەرێن. پاییز بە پیریانەوە هاتووە. رۆژانی پشوو چەندێك خێرا تەواو بوو. گەڕۆکەکان دەگەڕێنەوە بۆ ماڵەکانیان. ئارام و لەسەرەخۆ. بە شوێن یەکەوە رێچکەیان بەستووە. تفنگەکانیان ناوەتە سەر نەڕەی شانیان. سەربازەکان رێژە دەڕۆن پێ بە زەوی دادەدەن. دەنگی لاقیان تا ئەوپەڕی پادگان دەڕوا. یەك، دوو، سێ، چوار، یەك، سێ، چوار.

لەگەڵ دایکم لەبەر درگای نیگابانییەکە وێستاوین. گەڵا زەردەکان بە دەم باوە سەما دەکەن ئەوەندەی چاو دەگێڕم کاکە هیممەت نابینم. دایکم پاکەتە شیرینیەکە دەداتە دەستم: «تۆ بیدە بە کاکت نەکا لە منی وەرنەگرێ. مەگەر هەر خۆم بزانم چەندە لاسارە.»

دەڵێم: «ئەوەتانێ! دێم.»

چارشێوەکەی دایکم بەر دەدەم، رادەکەم. خۆ بە نەردەکەوە هەڵدەواسم. بە سەرمەوە پاکەتە شیرنییەکەی بۆ رادەگرم. چاوم لێیە دەستی ناوەتە بناگوێی. لە جێی خۆم هەڵدەبەزم. پاکەتە شیرنییەکە لە دەستم دەکەوێتە خوارێ و بڵاو دەبێتەوە. هێور هێور دەهات بە ژێر دارەکاندا. قەلەسابوونەکان دەیان قیڕاند.

سەرمامە. گەرووم دێشێ. بە باوەشی کاکە هیممەتەوە سووڕێکی حەسارەکە لێدەدەم. دایکم لە تەنیشت کوچکە ئاورەکە مەنجەڵێکی فڕنی وەسەر ئاگر ناوە. خەریکە بە کەوچك دەیشێوێنێ. رەزە بێبەرگ و گەڵاکە پاڵی بە دیوارەکەوە داوە.

دەڵێ: «بیبە ژوورەوە. لە ژێر کورسییەکەدا رایبکێشە، دەترسم سەرمای بێت و تووشی هەڵامەت بێ. دەست و لاقی سڕ بووە..»

دەڵێم: «پشیلەکەم بۆ بێنن.»

چاوی دایکم بە دووکەڵ سوور هەڵگەڕاوە. دەکۆخێ. فڕنییەکە لە هەڵچوون دایە، دەڵێ: «پشیلەکەم دەوێ.»

باوکم لە بازاڕ گەلێکی قەڵەمڕەنگی و دەفتەری وێنەکێشان بۆ کڕیبووم. نەمگوت پشیلەکەم دەوێ. نەدەبوو گریابام. وتی: «وێنەیەکی جوان بکێشەوە کوڕی باش!»

هەناسەی بۆنی تووتنی دەدا. لە باوەشی کردم تا گەرمم بێتەوە. پەنجەی بە قژە درێژەکەم داهێنا و گوتی: «با چاك ببیەوە دەتبەمە لای سەرتاش و سەروپۆتڵاکت بۆ جوان دەکەم...»

دایکم بە مۆڕەوە چاوی تێبڕی. هەر وەکوو ئەو رۆژانەی دەچووین بۆ سەر گۆڕی خوشکم. لێوی هەڵدەقرچاند. لە لای سەماوەرەکە دانیشتبوو فڕنییەکەی دەکردە پیاڵەی چکۆلەوە.



کاتێك دەچێتە پشت چەرخی بەرگ دروونەکەیەوە، هەوای خەمگین دەبێژێ، کراسێکی دابوومێ لەبەری بکەم. لەبەر درێژی لە عەرزی دەخشکا. گوتی: «ئەگەر خوشکت مابا تەواو بۆ ئەو دەبوو.»

دەستی بە کاکۆڵە درێژەکەمدا هێنا. خۆم دەئامێزی خستبوو. روومەتی تەڕ بوو بە ئالۆزییەوە گوتی: «پەلە بکە دەریبێنە. هەر ئێستا بابت دێتەوە.»

لە نێو تابلۆکاندا دەمی دایکم بەقەت خونچەیەك دەبێ. دایمە لەسەرەخۆ دەدوێ بۆ ئەوەی جیرانەکان ئاگایان لە دەمەقاڵەی نێوان دایکم و بابم نەبێ. بابم پێدەکەنێ دەچێتە حەسارەکە و خەریکی ئاوداشتنی نێو باخچەکە دەبێ.

گوڵەکان ئاونگیان لەسەر کەوتووە تروسکەیان دێت.

ئەو شەوە دایکم لە تەنیشت منەوە نەنووست. هەتاکوو بەیانی لەبەر پەنجەرەکەدا لە ئاسمان رامابووم. دەمولێوی دایکم سوور کرد. رەنگی ئەستێرەکان نازانم. دەڵێم: «رەنگی چاوی پشیلە چۆنە؟»

بابم دەڵێ: «چاوی دایکت رەشە. چاوباز و ئەبرۆ سەقەرە.»

دایکم لە ماڵ نەبوو. چووبوو بو ماڵی دایەگەورەم. خەریکی دۆکلێوی خێرات بوون، بابم دەستی گرتم، بردمی بۆ سەرتاشخانە و پاك پاك سەری بۆ تاشیم. دایکم ئیتر قسەی لەگەڵ نەکرد. تاکوو ئەو کاتەی سواری فڕۆکە بووم. لە لای بابم متەقی نەکرد. مادمازێل کەتی گوتی: «بە راستی دڵتەزێنە.»

بە دەسرەکەی دەستی روومەتی وشك کردوە. پشیلەکەی بە دەورمدا هەڵدەخولا. بۆنی ئەو پشیلەی لێدەهات وا بابم رۆژێك خستە کارتۆنێکەوە و لەگەڵ خۆی، بردی. نەدەبوو گریابام. بابم دایمە دەیگوت: «پیاوان قەت ناگرین.»

کاکە هیممەتم لە من باوخۆشتر بوو. فێر ببوو کاتی دڵتەنگی روو بکاتە کۆڵانە باریکەکانی دەفر فرۆشەکان لە سەربازی هەڵاتبوو. ئەو شەوەی هاتەوە خۆی بەسەر پێوە نەدەگرت. لە هەیوانەکەوە تەماشام دەکرد. لەترێکی بەست تا نزیك حەوزەکە رۆیشت. لەوێ هێلنجیدا. دەستی بە داوێنی دایکم گرت و گوتی: «خودا ڕەحمی کرد بابت لەماڵ نییە وڵاتی بە سەردا دەڕووخاندین...»

پاڕابوومەوە نەیات. نەدەهات. زۆربەی شەوانە لە دەرێ بوو. دایکم دەیگوت: «کاری زۆرە شەوانە لە گاراج دەمێنێتەوە.»

کاکە هیممەت لە بنەوە چاوی لێکرد و هیچی نەگوت.

کاتێکیش کە دەهاتەوە لەگەڵ کەس قسەی نەدەکرد. گوێی دەنا بە رادیۆکەوە. بە چاکی شێوەکەی نەدەخوارد دەیگوت: «ماندووم لە ژووری میوان جێم بۆ چاکەن.»

دایکم هەڵدەستێ و جێوبانەکەی بۆ دەبات.

بابم پاکەتی سیگارەکەی دەخستەوە گیرفانی. رادیۆکەی لەسەر تاقەکە هەڵدەگرت و ئێمەی بەجێ دەهێشت.

دایکم گوتی: «نەچی بە بابت بڵێی کاکت شەوانە درەنگ دێتەوە.»

کاکم تازە ناچێتە سەربازی. هەتا نیوەرۆ دەخەوت. دوانیوەڕۆش کراسی تازەی لەبەر دەکرد چەپکێکی گوڵ لە باخچەکە دەڕنی و دەینا بەر پشتێنی. لەماڵ دەچووە دەرێ.

– دڵی داوە بە بێوەژنێکی مەی فرۆش. کڵاوی لەسەر ناوە...

ئەوەش«رمل و ئوسترلاب» گوتویەتی. ئەستێرەی ئاسمان گوتویەتی دایکم لە ماڵی نوشتە نووسەکە هاتەوە. بە دایەگەورەی گوت: نوشتەی ورگرتووە. خۆڵی باخچەکەی لادا. نەختێك مێو و پەڕۆیەکی زەردی گوڵداری لە بن دار مێوەکەدا کرد بە ژێر خۆڵەوە. بە خۆڵی نەرمیش داپۆشی گوتی: «نەچی بە کاکت بڵێت.» نەم وتبوو ناڵێم.

تازە کاکم زۆرەبانیم لەگەڵ ناگرێ. ناچێتە تەماشای فیلمی "تارزان" زۆر پەرێشان بوم. بۆ ئەو خانمە قەڵەوەی قژە زێرینەکەی وەکوو کاکۆڵی ژنی تارزان دەچوو. بابۆڵە و پیسسی دەدامێ لە سینەما لە تەنیشت کاکە دادە نیشت. بە بنێشتەکەی تۆقڵەی هەڵدەدا.

بابم گوتی: «قسە ی قۆڕ!.. هەڵاتووە؟ پێستی سەری دادەماڵم.
ناچار دەبێ ملبداتە خزمەت و کار و باری خۆیی.»



لە ژوورەکەوە دەنگی دەهاتە دەرێ. کاکە هیممەت لەبەر پەنجەرەکە دانیشتبوو لە گوڵی مافوورەکە را ما بوو. لاقی لەسەر لاقی دانابوو. پۆتینە کاڵ بووەکانی لەبەر هەیوانەکە دانابوو.

دارکار بیان کرد. پاڵیان بە بابمەوەنا. سەری بە لاجامەی درگاکەدا درا.

لە ترسان نەگریام. لە پشت پەردەکەوە خەوم لێکەوت. بەیانی زوو بابم خەبەری بە ئاژان دابوو. قۆڵبەستیان کرد. لەگەڵ دایکم تاکوو ئەو سەری کۆڵانەکەش وەدووی کەوتین. دوورکەوتبۆوە. ئاوڕی لێنەدایەوە. سواری جیبێکیان کرد. لە دوواوە دایاننا. هاو ساکان لەپشت پەنجەرە و درگاکانەوە سەیریان دەکرد. کاتێکیش گەرایەوە زەماوەندی کردبوو. دور لەماڵی خۆمان ماڵیان گرت. دایکم دەگریا. بابم بۆئەوەی پیان نەزانم لە هەیوانەکەوە دەیگوت: «هەوای عاشق بوونەکەی دامرکێ ئەو ژنەتیوە بەرەڵا دەکا و پەشیمانمان دەبێتەوە..»

گەڕایەوە لەڕو لاواز ریش هاتوو لە سووچی ژووەرەکەدا کز دادەنیشت. زۆر تامەزرۆی بینینی فیلمی تارزان بووم. نەیان بردم. قەت نەیان بردم.

ماوەیەك دوواتر هەمووشتێکی خستە ژێرپێ. نوسی: «دڵداری چییە؟ عاشق بوون چۆنە؟ هۆشت بەلای خوێتدتە ئەکەتەوەبی هەر کات بووی بە شتێك بگەڕێوە- نەچی خۆت بدۆرێنی. لەبیرت نەچێ لە چ سەخڵە تییەکدا بووم...»

بابم بێئەوەی ئەوینداربێ، لۆ عیاڕەش«سیغە» کرد ئەو ژنەوا دموچاوی ژنانی جوان دەکرد. دەیان گوت لە نزیك گاراجەکە خانووی بۆ بەکرێ گرتووە. یئتر دایکم دەستی لە روومەتی خۆیندا. نەشچووینە حەمامەکەی گەڕەکی خۆمان. سەکینەی حەمام چی گوتبووی: روح ئەنگیز خانم حەیفە ئەو لەشە ناسکەی تۆ ئاوی ئەو حەمامەی وێکەوێ! ئاخرییەکەی، لوعیاتەژە کاریخۆی کرد.»

مادمازڵکەتی گوتی:«تەژە!»

ئەو وشەیەم بە فارسی وتبوو. پێکەنینیهاتبوو. جۆرێك ئەیوت تەژە هەروەکوو ئەوەی ماناکەی بزانێ. دیسان وتی«تەژە» و پێکەنی. کاکە هیممەت دەیکوت:«ئەوانە گشتی درۆیە، بژنەوە و بڕوامەکە.» دایکم مات بوو تێی راما.

له هەیوانی میوانخانەکەوە کە دادەنیشی وادەزانی ئاسمان سامالّترە.

شەقەی بالّی مراویەکانم دێتە گویّ. گوتی: «دەبوو تۆ شاعیر بوایەت.»

گوتم: «دایمە حەزدەکەم بگەرێمەوە نیشتمانی خۆم. وەگەرێم و پێشانگایەك بکەمەوە...»

- بۆچی ناگەرێتەوە؟

- بریا هەر واسانا دەبوو.

بە پەرۆشەوە سەیری کردم. وتی: «جارێك ویستم بیّخەبەر وەگەرێم.

شتومەکیشم کۆکردەوە. دیارەیم کرِیبوو. خۆشم گەیاندە فرِوکەخانە- نازانم چۆن بوو. ترس دایگرتمو. سواری فرۆکەکە نەبووم، کەلوپەلّم وەرگرتەوە و گەرامەوە.

لام وایە هۆیەکەش هەر ئەوە بوو بابم بۆ بینینم هاتە رۆم، زۆری سەر کۆنەکردم.

دە ی گوت: «بۆچی بگەریتەوە؟ مفت و مەرحەبا دەخوی و دەخولێتەوە.

پیاوێك نەتوانیّ بە زوری بازوی نان پەیدابکا. کەی ئەوە پیاوە. ئەوەش قەلّافەتە بۆ خۆتت دروست کردووە؟ کورێکی کاسبکار بەم چەشنەوە وەکوکچان پرچی درێژ دەهێلّێتەوە! کراسی رەنگاورەنگ دەبەردەکا... نا، ئەو مندال بازارە قەت بە کەیفی من‌نییە.» وای تێگەیشتم حەق بە دەستی ئەوە. گەورەی کردووم پوولّ و مالّی بۆخەرج کردوم. بەیەکەوە چوینە سەلمانی. پاکو خاوێن سەریان بۆ تاشیم. کەچی هێشتا رازی بەو کارە نەبوو. دەیگوت: «بریا بە قسەی سەرپەرشتی قوتابخانەم نەکردبا. وام دەزانی بچیتە ئەو رویا دەبی بە بەشەر. وێنەکێشی ماشین دەبووی، دەمبردی و دەمهێنایەوە.»

مادمازلکەتی پێکەنی: «دەشتوانی وێنەکانت لەسەر پاسەکانی بابت بکێشیەوە با ئەویش کەیفی سازبێت، سینیور!»

ئەگەر دلّ تەنگبی، ئەگەر زەردە پەرِبیّ. بووم و سیپێچکە و کۆلّە پشتێەکەت هەلّدەگری، دەلّیی بەقەبری بابی مشتەری. تا ئەو بەری مەیدانەکە رادەکەی.

بە چەشنێك بیر لە قاوەیەکی جوانی مادمازلّ دەکەی. ئەوە زۆریشی مشتەری نییە.



هوتێلی تازە مۆدیان لە نزیك ئەوەوە سازکردووە.

نیگەرانی ئەوەم مێوانخانەکەی بفرۆشێت و بگەرێتەوە مسکۆ.

لە فینجانە قاوەکەم راما: «وا دیارە موسافیرێکت هەیە.»

- خۆ بابت نییە.؟

پێکەنی: «هاکا رۆژێك بیری کردی ویستی وەگەریی...»

روانینی لەسەر فینجانەکە گواستەوە: «دەبینم نامەیەکت هەیە.» - ئەویندارانەیە؟

- رەنگبی - نازانم...

زێرنۆکیّ نووسیبووی: «ئەوەدەم درێژە ئاخری کاری خۆی‌کرد. مەلیّ دەزانم چی‌کرد. هەرچی بلّێی وانییە. یانی دەمهەوی بلّێم دیقی بە فیلسوف کرد.

بە نووکە خوار و خێچەکەی لێدا و چاوێکی دەرهێنا. منیش زۆرم عەزیەت کرد.

مەلیّ دەزانم چتلیّ کرد. بیرت بۆ هەرچییەك بچی وانییە. خستمەنێو قەفەزێکی گەورەوە بردم لەو سەری باغی بەدارێکەوە هەلّمواسی. خێوەتێکی رەشی ئەستوورم پێدادا. ئێتر قیرەی نایا. وا باشە کاریشمان بە فیلسوف نەبیّ لەگەلّ پوورم بردمانە لای‌بەیتالّ" کار لە کار ترازابوو. تۆش گویت نەدایەو رۆیشتی. باشتر بلّێم خۆت لیّ شاردەوە خودا حافیزیشت نەکرد. مالّەکەتانیش نازانم. رۆژێك چوومە بەردرگای قوتابخانە. زۆر دەستو داوێنی چاپچیەکە بووم هەتاکوو ناونیشانی تۆی دامیّ. خۆم گەیاندە لای دایکت نێوانم لەگەلّ خۆش‌کرد. دەیگوت: «کورەکەم چووە بۆ هەندەران دەورەی فرۆکەوانی تەواو بکات. پێی‌وتم خوزیا بووکم دەبووی یا کچم. داوای لیّ کردم دیسانیش سەردانی بکەم.»

دایکم دەینووسی:«بریا نامەیەکی بچووکت بۆ ناردبا.» دایکم نوسی: ئێترزێرین هاموشۆ ناکا بە مێردیان‌داوە»

دایکم زێر نۆکیی لە نزیك مەیدانی وەنەك دیبوو لەتەك پیاوێکدا لە ماشێندا بەزیبوون بانگی کرد زێرین خۆی لیّ نەناسیاو کردبوو. رەنگبی نەی‌ناسیبێتەوە.

« لە لای دوکتورەوە دەهاتمەوە. ماندوبووم. لەوە دابووم سواری تاکسیبم بگەرێمەوە بۆ ماڵێ. لە لاقو قول کەوتووم. لاقەکانم بوونە تەخەریتە.

زێڕنۆکییێ کە دەبینێ خۆیی بۆراناگیرێ هەتاکوو نزیك گۆل فرۆشەکە وە دوویان دەکەوێ. « هەرای لێی دەکەم. وابزانم نە یبیست. لە پشتەوە شانیم گرت.

گەڕاوە و بەسەر سوورمانە وەتێم روانی و گوتی: «ئێ ئەوە تۆیی خانمە روحئەنگێز. ؟

هەناسە ساردە عەبەسرابوو. یەکەمان گرتەئامێز کولّی گریانی هەستابوو. ماچی کردم و بە قوربان وسەدەقەم دەبوو. گوتی: « قەزات لە من کەوێ چەندە تێكچووی دووری هادی پیری کردووی. »

بە دایکی وتبوو کچ و کوریکی دوانەی هەیە و سووریێژەیان دەرکردووە. لە ماڵێ خەزمەتیان دەکەن.

«(گەنمان دابوو جۆمان سەندبوو). باسی لوعەییم بۆ دەکرد. کە چۆن خەریکە بابت بە قوڕدا دەباتە خوارێ. شووەکە ی خێرا لە گولّ فرۆشی هاتەدەرێ و ناهید بانگی کرد. زێرین واپەشۆکا لە بیری چۆ ماڵ ئاوایم لەگەڵ بکات. کەوتە دووی مێردەکە ی رۆیشتن زێڕنۆکێ بۆی نووسیبووم: « ئەگەر بیرت کردم خەبەرم بدەرێ. تەڵاقی لێ وەردەگرم دایکی شەش منداڵبم هەمووی دەنێمەلاوە. »

دایکم نووسیبووی: «فکری زێرین لەسەر دەرباوێ. تاوانمە. »

بە شوێنیەوە بووم پتر لە ساڵێك دەبوو لە قوتابخانەوە هەتاکوو ماڵ. سەرنجی نەدە دامێ هەروەکوو نەشم بینێ. سەیر خۆی رادەوەشاند و دەڕۆیی. لە کۆڵانەکانەوە رادەبرد - زستان هاتوتەواو بوو بەفر تووانەوە وەختی ئیمتحیان و تاقی کردنەوە هات. تاقەتیوانەو کتێبانم نەما بوو. پلیکانە. بچووکەکانی زووتێ دەپەراند. درگای دای دەخست. لەژێر دارعەر عەرەکەدا دەوێستام نیوەڕۆ بوو. کۆڵانیش چۆڵ. بەبڕە پارەیەی لە گیرفانم دابوو نان تەندووریم بۆ دەکڕی و لە پشت درگای دەری لەسەر پلییکانە حییمەنتۆکە دام دەنا.



ئەو رۆژە درەنگ گەیشتێ. لە نزیك قوتابخانە راوەستا بوو. لەبەر خۆرەکەر وانیی پڕبوو لە گلە و بناشت. وەڕێکەوت. هەڵات. رام کرد. لە قوتابخانە دوور کەوتینەوە لە نزیك کە لاویك گیرساینەوە چاومان لە چاوییەك بڕی. هەناسەمان سوار ببو. خەڵك دەهاتن و دەچوون چاویان لێ دەکردین. گوتی: «برۆ. زوو بڕۆ سبەی، سبەی کاتژمێر دوو، شەقامی شارەزا. چوار رێیانی پەهلەوی. »

وەڕێکەوت. بە دەنگی بەرزکوتی: «زوو نەیەی رۆیشتووم. »

وتم: «هەرچی تۆ بلێیی. »

بەفر کە لە ژێرکەو شەکانیدا کرتەی دەهات. شەو بەبێ شێو نووستم. بەیانی خۆم گەیاندە گیرفانەکانی بابم.

نۆ دەقە و یازدە سانیە لە دووی پاشنیوەڕۆ لای وابوو. لەپڕ پەیدابوو.

بلّوزیکی سەوزی دەبەردابوو، هەر لە رەنگی چاوی. یەکەم جار بوو عاشق دە بووم نەچوومەپێشی. یانی نەم دیوەو لەبەر درگای دووکانەکان خۆی دەخافلّاند.

سەرنجی شتیدەدا. شەقام ئالّوزبوو. خەڵك کە لوپە لی نەو رۆریان دەکڕی. پالّموە دەکەی تەلەفوونە نەکەی سەر شەقامەوە دابوو. دەلەرزیم. ئارەقەم کرد بوو، دلّم وەك گونی هەلاج هەلّدە بەزی. خۆم کرد بە دەکەی تەلەفوونەکەدا و لە خۆڕایەك دوو ژمارەم گرت بیستۆکە کەم دانا. بۆوەنابێ کات لە دەست بدەم. بە خۆموت: «ئەی چە تیووە شێتوویتە پەلە مەکە بابت گوێزمەوە بزانە چت لێ دەکەم. »

بەپەلە پڕوزێ بەنێو خەڵکەکەدا خۆم دەرباز کرد. هۆشێ لە لای و یترینی بە رگ و لیباسی پیاوانە بوو دەستم لە شانیدا: «سڵاو!»

گوتی: «ئەو بۆین باخە سوور و سپی و شینەت پێ چۆنە؟ دەمەوێ جەژنانە بۆ بابم بکڕم. »

گەڕاوە و تەماشایەکی کردم: «زۆرت بە دلّە؟»

چاوە سەوزەکانی رەنگێکی هەنگوینی بە خۆوە گرتبوو. سەوزو زەرد.

وەکوو تەسبیحەکەی باوکم. تێکە ڵاوی بوو سەوزو زەرد.

گوتی: «هۆشت لە کوێیە؟»

قۆلێم کێشا: «درەنگە. دەرنگە. درەنگە...»

- لێمگەڕێ چۆن چاویان تێبڕیوین شێتانە!

- دەباسەیرمان بکەن.

وەشوێنم کەو تبوو: «بچین بۆ گەڕان؟»

- لە کوێ؟

- هەر شوێنێك تۆبڵێی... با سواری پاس بین و بەشەقامەکاندا بسووڕێنیەوەدە ئەم سەر و ئەو سەری وێسگتەکان بچین و بگەڕێنەوە...باشە؟

وتم: «هەرچی تو بڵێی...بەڵام دەتوانین بچینە سینەما.»

- بیرێکی خراپ نییە، فیلمێکی لێدان و پێدادان!

- نەکوو فیلمێکی بە تەواوی مانا دڵداری. هاورێکەم دەڵێ. سینەما دیانا فیلمێکی خۆشی هەیە. هەینی رابردوو بینیویەتی.

کرێوەی دەکرد. چراگان هەڵکرابوون. تاریکی خۆی نەگرت. بە بەر دووکانە کەل و پەل فرۆشەکاندا تێدە پەڕین، ئیتر گیرفانەکانم بەتاڵ و هەتاڵ وەك هێلانەی جرج تێکەوتوو. گوتم: «دار بادامێك لە حەسارەکەمان دایە، چەقالەت پێ‌خۆشە؟»

- دەزانی تاکوو ئێستا ناوی خۆت پێ‌ نەکوتووم!

- هادی. براکەشم ناوی هیممەتە. زۆر لە من باوخۆشترە.

-چەندە باشە. تۆ هەر کات خۆت بناسێنی، نێوی برکەشت دەڵێی؟

قاقای کێشا، من پێ‌ نەکەنیم. پەرێشان بووم لەوەی بۆچی باوەڕی بە چیرۆکی ئەوین داری ئێمە نەهات.

تا ئێستا لەوبارەیەوە هیچمان نەگوتبوو. وتی: «باسی شتێکی باش بکە زۆرباش.»

- وەکوو چی؟

- هەر چییەك دەزانی و پێت خۆشە.

-سبەی تاقی کاری شیمیامان هەیە. باشم نەخوێندووە. بە توون... دەزانی چی، جە ژن دەمبەن بۆ شیراز.ماڵی مامە رەزا، هەموو ساڵێك دەچینە ئەو محاڵە.



تاقەتی چوونیشم نییە.

لە کوڵان و کوچە باغە تاریکەکاندا پیاسەمان دەکرد.

لە پێشەوە دەڕۆیی. هەر وەکوو ئاگای لە هیچ نەبێ سەری بەردەداوە و دەڕۆیی.

دەبووتێم بگەیاندبا، لە ئەمڕۆوە من کوڕی رۆژم. بەرەی خۆم لە قوڕاو دەردێنم.

بانگم کرد:

«زێڕ نۆکێ!»

- لەگەڵ منتە؟

- بەڵێ.

- ناوم ناهیدە.

- هەر چییەك بێت.

لە مەولا زێڕ نۆکێیە. دەبێ هەموویان بزانن. چ بگا بە پاساری سەردارەکانیش...

ئۆهۆی زێڕ نۆکێ، گوێت لە دەنگم دەبێ؟

- وست...بە راستی گەمژەیی!

- بەڵێن دەدەی قژەکانت کورت نەکەیتەوە؟

- هەراهەرا مەکە. هاوساکان دەژنەون.

- قیروسا. هەر ئەوەیە گوتم!

راوەستا: «مەیە پێشەوە.»

- لەگەڵ منتە؟

- بەڵێ، پێت چۆنە پۆلیس ئاگادار بکەم؟

- ئەگەر خۆشت ناوێم، فەرمو لە بناگوێم بسرەوێنە.

- ئە رێ بە راستی تۆ چیت لە گیانی من دەوێ؟

- لەبەرچی راوەستاوی. مەحتەل مە بە و لێمدە.

- لێم قەڵسی؟

بەفرەکە لە ژێر پێماندا کرتە کرتی بوو. لەگەڕەکە کەیان نزیك ببو و ینەوە. کوڵانەکە رووناك بوو. لە جێی خۆم چەقیم و گوتم: «دەزانی ئێرەکوێیە؟»

- تۆ چاکتر دەزانی:
- دەنگمەکە. دەمەوێ نێودێری بکەم. لە ئەمرۆوە ئەو گەڕەکە زێڕین شارە.
- چەندە باشە!
- پێت وایە بە شۆخی وادەڵێم؟ هەر لە بەیاینیەوە پەڵاکی کۆڵانەکە لادەبەم.
- کەوا بوو منیش دەبمە شاژنی زێڕین شار!

بەسەر لاقیکیدا نوشتاوە. داوێنی کرا سەکە ی کۆکردەوە، بە چەشنێك هەر لە رۆژی بە ڕێوەچوونی ﴿تاجگوزاری﴾ دەچوو

- ئەی سوڵتانی مەزن، بە حورمەتەوە تاجەکەم لەسەر دانێ. باڵتۆکەشم بە شانمدادە!
- گاڵتە جارێ بەسیەتی. لە بیرت بێ. من بە خیلم. وەقادارم. وەکو پیاوی نێو فیلمەکە دەستت لێهەڵناگرم و بە جێت بهێڵم.

لە پلیکانە چیمەن تۆکەوە سەرکەوت. کلیلی خستە قفڵەکەوە. دڵم وەستەی نەهات هەر ئێستاکە درگاکە لەسەر خۆیی دابخات. گەڕاوە و گوتی: «دێیە ماڵەکەمان باخی ئاژڵان ببینی.؟»

دەست بە سنگەوە راوەستابووم. لە چاوەکانی رامام.

پێکەنی و گوتی: «مەترسە. وەرە. نامهەوێ جندۆکەت پیشان بدەم. چوجکە قالاوێکم هەیە. ناوم ناوە دنووك درێژ. چوونکە بە دایمەی خودا قیڕەی دێ.کوندێکیشم هەیە. ئەویش نێوی فەیلەسووفە. هەمیشە خەریکی بیر کردنەوەیە لە شوێنێك رادەمێنێ. هەر وەکوو لەم دنیایەش نەبێ... گوێی بگرە دەنگی دنووك درێژ دێت. لەوە دەچێ دیسان لەگەڵ فەیلەسووف بەشەڕ هاتبن.»

گوتم: «دەبێ برۆم.»

چاوێکم بە دەوروپشتی خۆمەاگێڕا. بە دەستی ئاماژەی کرد بە شوێینا برۆم.

قاقای کێشا و گوتی: «ئەی سوڵتانی ترسەنۆك خوێڕی. دایك و بابم چوون بۆ میوانی»

شەو درەنگانێك دەگەڕێتەوە. پووریشم دارکاریت ناکات.»



نازانم چون بوو لە پرپێم پێوەناو هەڵاتم.

دایکم لە پشت تەلێفوو نەکەوە گوتی: «هاوار لەو رۆژە ئەگەر بابت بزانی عاشقی.»

سوێندی خواردووە، هیچ شتێك لە زێڕینە نازانی.

بابم ئەگەر مردبیتیش دەکرێ بچیتە سەر پلیکانەکان و هەواڵەکە بە گویی تەواوی دینا رابگە یەنی.

- بابم دوینی شەو تەواو بوو.

ئەوە قسەی هیممەت بوو. بە قینەوە دەڵێ.ناگری. پیاو بەو هاسانیە دەست ناکا بە گریان ملی نابوو لە قسەی هەڵیت و پلێت: «نەچی ملی رێ‌بگری وبییێت.

بۆ خۆم هەمموو کارەکان جێ بە جێ دەکەم. پێویست بێ پێت رادەگەیەنم»

لەبەرابەر ئاوێنەکەدا نەختێك مشتم راست کردووە. رەنگم پەڕی بوو. نەم شکاند.

لێم رانەکێشا. خڕو هوڕ نەهاتە خوارێ بەسەر مافورەکەدا، لە کراسە رەنگا و رەنگە کە دەگەڕام دیار نە بوو. کراسە تووسییەکەم کردەبەر بوین باغم کردە ملم. سەرم بە شانە داهێنا، بە ئارامی. لەسەرەخۆ. خۆم بە بۆیە کردنی کەوشەکانمەوە خەریك کرد.

کافەکە جمەی دەهات. گلاسەکان لێك دەدران.

- نۆئیل پیرۆزبێ.
- نۆئیل پیرۆزبێ.

گەرمام بوو. خۆم بەسەر پێوە نەدەگرت. ئەو شەوە لەگەڵ مشتەریە پیالە فرۆشەکان گۆرانیم گوتبوو. دەست لە نێو دەستیان. شان بە شان هەڵپەرکێم کردبوو.

هەموویان میوانمن.

- چیتان پێ خۆشە راسپێرن با بۆتان بێنن... ئەمشەو با هیچ کەس لیرەیەك خەرج نەکات.

درەنگانێك گەڕامەوە. سەرما کاری لە ئێسقان دەکرد. لە ترم دەبەست و دەستم بە دیوارەکانەوە دەگرت جیرانەکەمان لەسەر پلیکانەکان درگای ژوورەکەی کردەوە لە درزی درگاکەوە چاوەێکی لێکردم. بەسەر ئەژنۆکانمدا نووشتامەوە و پاڵم بە دیوارەکەوەدا و ملمنا لەگریان.

همیەت گوتی: «بگەرێیەوە چیبکەی؟ شۆفیری دە زانی. سەرت لە حیسابان دەرەچیٚ؟... کوێرایم دایەت، مواجبەکەت مانگ لەگەڵ مانگ بۆ رەوانە دەکەم.»

بابم لە نە خوشخانە وەسیەتی قانوونی کردووە. وەکوو باب. وەك ئەوقسان دەکا. وەك ئەویش دەکۆخیٚ. وێنەی ئەوشت دەنووسیٚ: «بابی لە قەبردەردینم. لوعیارەش تازە بووە بە بنیادەم.

وەکیلی کرتووە. دەم درێژیدەکا. داوای میراتی بابم دەکا...

لوعیا دەستی سەر وپێچکەکانی گرتووە. چۆتە بەر درگای گاراجەکە. ئاژانی لە گەڵاخۆی بردووە. ملی ناوە لە قیژەوهەرا. کاکە هیممەتیان لە درگای پشتەوە بەرِیٚکردبوو. ئێستا بەرقدا چووە خەریکە گاراجەکە و ماڵ و پاسەکەی لە رێگە ی وەکیلەوە بفرۆشی دەستی منداڵەکانی بگرێت و لێدابرِوات بۆرکیا. دایکم لە تەلەفوونەکەوە دەنگی گریانیٚ دێت:

«خەریکە ماڵەکەمان لە دەس دەبێتەوە.»

لوعیا چوو بووە بەردرگای ماڵەکەمان. دایکم رێی نەدابوو. ژنەتیوە فیژاندبووی جیرانەکانی لە خوی خرِکردبۆوە. دایکم گوتی: «بریامنیش لە دووای مردنی بابت دەمردم.»

بابم دەستی ناوەتەکە لەکەی. دەچێتە ئەو سەری وەتاخەکەو دەگەرێتەوە.

دەمولێوی شین بۆتەوە. دەترسم سەکلە بکات هێشتانەم گوتووە سلاّو دەڵیٚ:

«قوزەڵ قورت!»

ئەو پاکتەی پێمە لە دەستم بەردەبێتەوە. ژوورەکەشم بەسەر یەکترا شێواوە.

دەڵیٚ: «ئەوانە چین؟»



لەسەر تەختەکە دادەنیشم.نامەکانم پرِوبڵاون. لەوە تاغەکەدا. تەماشام دەکا: «دووسەدو حەفتا نامەت نووسیوە، تەمرت لێداون و بەرِێت نەکردوون.

دەمەویٚ بزانم لە هیچ و خۆارابۆ ئە و پووڵە بێرەو بەوێدا دەدەی. لە تۆوایەبا-هێناویەتی؟»

- ئەوانە نامەی تایبەتی بوون. لە خۆرِا هەڵت پچرِیون.

- قسەی نابەجیٚ! کیٚ گەرەکیەتی لەسەر حەق قسە بۆمن دەکا! شۆفاری بەسە!تائەو رۆژەی بەنانی من بەرِیٚ دەچی بێدەتك! چ تورِەها تێکت تێدا نووسیوە... بۆقسە ناکەی خۆزمانت نەبرِاوە؟

- ئێوە خۆنامە کانتان کردۆتەوە. کەوا بووهە موشیانت خوێندۆتەوە. نەدەبوو ئەو کارە...ت

- پێم خۆشە لە زمانی خۆتەوە بیبیستم. بۆکێت نووسیون؟ زێرِنۆکیٚ کێیە؟ باسی چ کارەیە؟ دایکی کویندە رییە؟.

ناچارم پەنجەرەی ژوورەکەم پێوە بدەم. لەو رۆژەوە هاتبووە رۆم کار وپیشمان شەرِو مەعرەکەبوو.

وەختێك شکی منی برِیبوو داروبەردی پشکنی بوو. خانەکەش دەیگوت:

«ئەو گشتە تابلۆیە وێنەی تەنیا کچێك؟!»

- زێرِ نۆکیٚ!

- زێرِ نۆکیٚ! هەر ئەوکەسە بوی ببووی بە وەلی دیوانە...

چاوی ببوو بە پیاڵەیەك خوێن. رووبەرووم راوە ستاوە: «ئەو تەرِەماشەی تۆکێشاوتەوە، کرِیاریشی هەیە؟ واهەیە نانو پێخۆریشی پیٚبکرِی؟»

- ئەو تابلۆیانە بۆ فرۆشنین.

- پەلەمەکە بزانم. بەتۆچی؟... لەبەر چی دەست لە خوێندن و زانسگە کێشاوەتەوە؟ هەتا ئێستا بۆخۆت فرِۆکەوان بووی. ئەوەش نەبا، شتێکی دیکە دەبووی. دەمبردی، لەپشت مێزێك دادەنیشتی دەبووی بە گاراج دارێکی حیسابی.

- هەر وەکوو هیممەت...

- بەڵێ کاك هیممەت! لەگەڵ تۆمە بۆچی دەستت لە فڕۆکەوانی کێشاوە؟

دەم هەویست بڵێم: «بۆلە ماڵەکەم ناڕۆیەدەرێ؟»

هیچم نەوت. کۆتەکەم کردەبەرەم و چوومەدەرێ. دووا ڕۆژ بێدەنگ رویشتبوو. پاکەتە سیگارو رادیو تازەکەشی نەبرد بوو.

مادمازلکەتی نەیگوت: «چەندە خەم پژێنە!» لەسەر کورسییەکە هەستا . هاتەپەنام. دەسرە گوڵدۆزی کراوەکەی دادەستم. دەبوو گریابام.

پێکەنی بووم بە قینەوە پێدەکەنیم.

لەبەر هەیوانی میوان خانەکەی کە دادەنیشی، ئتر ترست نامێنێ رقو قینت نامێنیۆ بێغەل و غەش دەبی لەو خوارەوە کورێژگەیەك روو بەئاسمان کۆلارەکەی هەڵدە داودە زووەکەی دەکێشا. پیاۆیك وێنەی دەکێشا. کاکە هیممەت کەیفی لە کۆتربازی بوو. پاشنوێژان دەچووە سەربانی هاوسی ماڵەکە. بابم قەت پێی‌نەزانی. بیرم دەکردەوە دەکرێ گوێ نەدەی بوون و نەبوونەکەشی شەیدای دەیمەن و تابلۆی جوانبوو. یەك دووانێکی کریبوو بیباتەوە ئێران. دانە بە دانەهەڵی دەپچڕین. لەسەر فەرشەکە بڵاوی کردبوونەوە. لوول دەبوونەوە. لەسەرە خۆرێك و لە باری دەکردن.

گوتی: «دەتوانی دارو گوڵ و بولبول بکێشیەوە؟»

بابم رۆیشتبوو. هەر وەك بێدەنگ هاتبوو. بۆ دیدەنیم، رۆیبور. دایکمی بەجێ هێشتبوو ماڵەکەشی بەدزان سپاردبوو. دایکم دەیگوت: «دایمە وام بیردە کردەوە. هەر لەو ماڵەی خۆمدادەمرم»

نەچوو بووم بۆ باڵویزخانە بۆ ئەوەی دەسەڵات نامەی (وکالت نامە) سەر بە خۆیان بۆوە ڕبگرم.

گوتبووی: «قەدەمێك هەڵێنەوە. ئەوی دیکە بۆمن. بە پۆست دابۆم بنێرە. ئیتر من دەزانم و لوعەییا و هەتیوەکانی...»

لییگەڕام ماڵەکە بڵاوبێتەوە. گوتبوم: «بەجارو جهەندەم!»

دایکم زێڕ نوکیێ دەبینی، زێڕین بە هەموو شتێکی دەزانی. بیرم کردبۆوە:

«بە سەقەر!» گوتبووم: «درۆزن!»



لام وایە دایکم ناونیستانی ئەوی دەزانی. ئیتر دایکم تەلەفونی نەکرد. زێڕین بۆی نووسیم:

«دایکت رویشت.»

ماڵەکەمان لە دەست ببۆوە. قەت نەی ویستبوو وەگەڕێم. لەگەڵ من نێوانی نەبوو لێم لالووت بوو.

کاتێك بیر لە ماڵەکە دەکەمەوە منداڵ دەبمەوە، ترس هەڵم دەگرێ. دایکم فانۆسەکەی بە حەواوە راگرتووە.

بە رەپێی خۆم نابینم. دەست بە داوێنی دەگرم ئەوەندەی دەرۆین ناگەینە ئەو سەری حەسارەکە.

دەنگی بۆقەکان دێت. مەبالەکە لە ژێرخانەکە دایە. ئەوەندە تاریکە بە رۆژی ڕووناك زەندەقم دەچێ بەپێ دزە دەڕۆین. گوتی:«بجبوولێ رۆڵە، درەنگە.»

با-ی دەهات. فانۆسەکە پتەپتی دەکرد. کوژاوە. دارەکانی ئەو سەری حەوشەکە دەنووشتان و راست دەبوونەوە. دەگریام. گوتی: «مەترسە. وەرەباوەشم.»

هەیوانە کە ڕووناك بوو. تیشکێکی باریك لە میوانخانەکەوە کە وتبووە سەر نەردەکە.

دەنگی رادیوکە دەهات. ژنێك زۆربە حەزینی دەنگی دەهات بابم دەکۆخی. بۆقەکان بێدەنگ ببوون.

ڕەنگبی لەبەر هاشەو هووشەیبا- و دارەکان بووبێ. گوتم: «دێوەکان وەخەبەر هاتوون.»

- دێونین، دارو درەختن.

پاتۆڵەکەم تەڕ ببوو. گوتی: «رووی بابت... پیست کردم.»

وام دەزانی کاکە هیممەتیش لە غولەکان دەترسێو گوتبووی: «بێ دەنگ!...دەنگت لێوە بێ وەخەبەردێن و قوتمان دەدەن...»

لێفەکەی پێدا دابوین و خۆی لە من هەڵدە سوو. لەرزم لێ هاتبوو لە لای دایکم دەنگم نەکرد بوو. بە بابم نەگوت:

له لای کەس دەنگم نەکردبوو. ترسابووم. دەترسێم. بابم دەنەڕینێ. دەڵێ:
تاوانی دایکتە «وەکو کچان ترسە نۆك گەورەی کردووی.» دەڵێ: «غیرەتت هەبێ. وەختێك بە قۆچەقانی سەری کەسێکت شکاند قەت حاشای لێ مەکە. بۆچی هەڵاتی. حەقیان بوو بەسەرت دادەن...»

هەر ئەو بەیانییە ئیترنمدا خولیو لەبەردەم گەڕۆکەکان خەجاڵەتم بکاتەوە. شەرمەزاری کردم.

گوتی: «ریێ خۆت بگرە بە روو برۆ. ئیتر لە و نیزیکانە نە ت بینمەوە. هیچ کاتیك!

تێگەیشتی چیمگوت!»

تاریك داهاتووە. (مەدیترانە) رادەژێ. باران لەسەرە خۆدەبارێ و سایەبانەکە خرمەی دێ.

دەنگی موسیقادێ. لە قاوەخانەکەی خولیودێ. دەنگی قاقاکێشاندێ. دوورنیە خولیو باسی بیغیرەتی من بکات بۆ مشتەریەکانی ئەوانیش بەگەوجی من پێ دەکەتن. بۆ ئەوەی گیرفانیان بە تاڵ بکات لە هیچی نەبوو مەستیان دەکا. ئەگەر زستان بێت، ئەگەر سەری بپرژێ، درگای قاوەخانەکەی دادەخات و دەگەڕێتەوە بۆ بارسلۆن. بابی ریش چەرمووی قەرە جەکانە. بۆ خۆی ئەمەی وتبوو. پارەکە ژنەکەی لەگەڵ ملهورێکی دەوڵەمەند رەدوو کەوت لەوە دەچێ کابرا عەرەب بوو بێت. لە رۆژهەڵاتییەکان بێزارە.

گوتی: «رەنگبێ لەگەڵ کەسێك لێی دابیێ و رۆتبێ. برۆ بە شوێنکاری خۆتەوە. دەزانی من بەو بەیانیە کارم هەیە.»

کورسی و کەلوپەلەکەی لەبەر درگای قاوەخانەکەدا هەڵدە چنی. لە پشت پەنجەرەکە گوڵەنەکانی دادەنا: «کەسێکی لە تۆپیاوتری پەیدا کردووە و وەدووی کەوتووە تاکوو چەند رۆژێك بە کەیفی خۆی بیگوزەرێنێ...»

لەبنەوە تەماشای دەکردم. بزەی دەهاتێ. پێکەنینێکی تاڵ. لە قەراخ شەقامەکە دانیشتبوین سیگارەکەم لە تەواو بوون دابوو. گوتم: «دەمت داخە...»



کاکە هیممەت لەوەختی چەلە حانێدا ئەمەی دەگوت. ئەگەر کەسێکی لە خۆی بە هێزتر دەبوو.

رامان دەکرد. کۆڵەپشتییەکەم لە کۆڵ نابوو دەرۆیشتم.

گوتی: «هۆی... بەرەوکوێ سەرت بەر داوەتەوە؟»

بە دوومدا غاریدا. گوتم: «وازم لێبێنە تاقیتی شەڕمنییە.»

لە پشتەوە بۆقەتەی ملی گرتم. راکێش راکێش بردمی. گەڕۆکەکان، لە پێیادە رێییەکەوە سەیریان دەکردین. گوتی: «ئەگەر غیرەتت هەیە لە پێش چاوی ئەو کەسانەی لەوبەری شەقامەکەوە راوەستاون جارێکی دیکە ئەو قسە قۆڕانە بکە.»

پاڵێکی پێوەنام. لە ترێکم بەست و بە مێزەکەدا درام. یەك دوو کورسییەك بەلاداهاتن. گەڕۆکەکان پێکەنین. پڕی پێدا کردم و لە جێی خۆم بەرزی کردمەوە. تەماشای کردم سەر لووتی سوور هەڵگەڕابوو، هەر وەکوو ئەو کاتانەی دەی خواردەوە. پێلاوە رەشەکانی بریقەی دەهات لە کاتی پێکەنیندا ددانەزەردەکانی دڵم هەڵدە شێوێنێ. گەڕۆکەکان لەوی نەما بوون.

سەرم لە گێژەوە دەهات. هێزمدا بووە سەر مێزەکە. هێلنجم دەدا.

پێچە رەشەکەی سەری بایەکە دەیشکاند. بارانە کە توندی کردبوو کە دەستی لەکۆڵ کردمەوە گوتبووم: «لێم گەڕێ با برۆم. حاڵم شرە...»

رەنگبێ جیناش لە بەردەم قاوەخانەکە بووبێ، لەگەڵ گەڕوکەکان بووبێت و دووریش نییە حەولی دڵ دانەوەی منی بووبێ. گوتی: «لەو چرکەیەوە چاوم پێت کەوت تێگەیشتم کە تۆ رۆژ هەڵاتی.»

چاوێکی لە شەر بەپێپسییەکە کرد. لەسەر مێزەکە هەڵی گرت.

- قەڵافەتی روژهەڵاتیەکان سەرنج راکێشە، عارەبی؟

- نفاشم.

پێکەنی. «رووداوێکی سەیرە. دایمە بە ئاواتی ئەوە بووم ببمە وێنەکێشیکی دەست رەنگین. گەڕۆکی؟... لەو هۆتێلەدا دەژیت؟»

- باران دایدا و کەیفم لێبو و بێمە ئێرە و قاوەیەك بخۆمەوە. بە راستی وەڕەزبووم...

بەیانی لەگەڵ کەسێك بە کێشەهاتم. ئێوە لە بارەیەوە هیچتان نەبیستووە؟

گوتی: «سەفەریم، درەنگ خەبەرم دەبێتەوە»

زارکی کیفەکەی کردەوە. سەیری ئاوێنەکەی کرد. خەتی لێوی لێدا.

- ئاتیلەت هەیە؟

- بەرێکەوت بووم بە نقاش. لە وکاتەوە پشیلەکەم ون بووە، بابم قەڵەمی وێنەکێشانی دادەستم و گوتی بۆ ئەوەی لە بیرت بچێتەوە وێنەکەی بکێشەوە.

باران خرمە خرم لە شوو شەگەورەکەی پەنجەرەی هوتێلی دەسڕەواند. سۆباکە بڵێسەی سەندبوو. لابی قەرەباڵغ بوو. کاتێك وەژوورکەوتم بە تەنیا بوو. لەسەر موبلەکە دانیشتبوو. هەستا و هاتە لام دانیشت. گوتی: «خەڵکی فلورانسم. لە سوپێرمارکێت سەر قاڵی ئیشم. داخڵە دارم...»

زۆر بە ئارامی بە قامیشەکەی دەستی پێپسییەکەی هەڵدە ڤری.

چاوەکانی بادامییە. گەنم ڕەنگە. نەختێکیش تاو سووتە. بسکەلوولوو خورماییەکەی بەسەر شانیدا شۆڕ بۆتەوە. لەگەڵ بابیدا دەژی. کاتی پشوودانە بەیەکەوە هاتوون. گوتی:

«سبەینێ دەگەڕێتەوە.»

ناچارە تەنیا ژوورێك لە هوتیلەکە بەکرێ بگری بۆ ئەوەی خەرجی سەفەرەکەیان زۆر نەبێ.

گوتی: «لەوە ی گەڕین... سەرم هێشاندن. جار و بارە زوری لە سەر دەڕۆم.»

گوتی: «لە وەرزی پایزدا فلورانس دڵگیرە. بۆ ئەوە وەبێ بچیتە سەیرانی.»

بەیانی دەگەڕێتەوە بۆ سەر ماڵ و حاڵی: دەکرێ بچمە هۆتێل و بانگێشتنی بکەم بو قاوەخانەی خولیو.

دەنگی فیتەی کەشتی دیت. هەر ئەوەندەی لە جێی خۆی چەقی گەڕۆکەکان شاد رووخۆش بە پێکەنینەوە دادەبەزن و شەویش بە خۆشی رای دەبوێرن.



بە مادمازڵکەتیم گوت: «وابووە تۆ ئەویندار بوویتی؟»

بە مۆنەوە چاوێکی لێ کردم پەێشمان بوومەوە. فینجانە قاوەکەی بە دەستەوە دەلەرزی لەسەر مێزەکە دای ناو بە شاڵ ملەکەی خۆیدا پێچا.

ڕەنگە شینەکەی ئاسمان بەرە و سەوزایی دەچوو. دوو سێ قەلێك یەکدییان هەڵدەبڕی.

شەو بۆکان دەکرانەوە. بۆ ئەوە دەبوو بچیت و دەستیان بە سەردا بهێنێ. نە چوو.

دەبو بیگوتایە: «قاوە هەیە بۆت دیبکەم؟»

نەیگوت. دڵم لە بێدە نگییەکەی کرمێ بوو. پەرێشان بووم. وام بیردە کردەوە رووداوێکی تاڵ لە پێشە. قەت لەبەر خوی هیچی نەگوتبوو. لە رابردووشی نەم پرسیبوو. لە دڵداریش نەد ووا بووین. فوارەکان دەسووران و ئاویان فڕێدەدا. لە حەوزە چکۆلەکەی مەیدانەکە. دەبوو شتێکم بکردایە یان نوکتەیەك تاکوو پێبکەنێ. هیچم بە مێشکدانە دەهات. پشیلەکەی لە خوارنەر دەکەوە بەسەر زگەوە« درێژ بوو دەستەکانی دەستەوە. هاتم بڵێم پشیلەکەت دەتوانی خۆی پشتەوقەقاربخات؟»

دەسماڵە چندراوەکەی هێشتا بە دەستمدوە بوو. قەدم کرد و لەسەر مێزەکە دامنا، لە پەنا فینجانە بە تاڵە کەم. دەنگی فیتووی کەشتی دەهات. لە دوورەوە. هەستا. لە نەردەکە نزیك بۆوە. چەند جارێکی دیکە کە شتیەکە دەنگیهات. درەنگها تبامەوە ژنی ساحێو ماڵ درگای لێ هەڵنە دەگرتم. ناچار دەبووم تا رۆژ بە شەقامەکاندا سوورابامەوە.

چاوە تەڕەکانی تروسکەیدێ. ناسك و نازدار بۆم دەڕوانێ. پەلکە زێرینەکم بۆ چاوەکانی زێڕ نۆکێ ساز کردووە، جوانیش بۆم نەهاتۆتە سەر پەردەکە.

دەڵێ: «ئەمشە و بمبە بۆ قاوەخانەی پیترۆ. دەمەوێ لە نزیکەوە ئانجیلاببینم.

بیستوومە دەنگێکی خۆشی هەیە.»

قاوەخانە ی پیترو قەرە باڵغە. پیترو لەبەر پەنجەرەکە مێزەکەمان بۆدە رازێنێتەوە.

بە شێوەیەك سەیرمان دەکا بڕوا ناکا کە ئێمە بە یەکەوە دەبینێ. شووشەیەکمان لەو شەڕابەکونە بۆ هەڵدەپچڕێ.

- میوانم بن.

دەڵێم: «وەرەبا ئەو شەو بە کەیفی خۆمان رای بوێرین!»

مادمازێل قاقا دەکێشێ. گەڵاسەکە بەرزدەکاتەوە. کراسە تەنکەکەی لێ دەکاڵێتەوە. دەڵێ لە مێژ ساڵە لە بەری نەکردووە. کەوشە پانیە بڵنیدە تەڵاییەکەی دادەکەنێ دەی خاتە ژێر مێزەکەوە. پاژنەی دەگرێ.

- چ دەبێ پێخاوسم سینیوەر!

تەماشای دەکەم. بە جۆرێك کە پێتوابێ یەکەمین جارە دەی بینم: «ئەو چاوە جوانانەت. تاکوو ئێستا لێت شاردبوومەوە.»

خەیار و ماستم بۆتێ دەکا: «قسە کانت خۆش کردووە.»

- هەتا ئێستا لە ئاوێنەدا خوت بینیوە؟

پێدەکەنێ. لێشی دەکا لێتەوە:«نا، سینیوەر. قەت نەمدیوە!»

پیاڵە سۆسەکە تێکەڵ بە خەیار و ماستەکە دەکەم. چە قۆو چنگاڵ دەست دەدەمێ.

دەڵێ: «دیارە زۆریشت برسییە.»

- ئینسان کاتێك بە تەنیا نان دەخوا هیچ نام و چێژێکی لێ نازانێ.

کابرای فلامینگۆ هەڵدەپەرێ. پیترۆ خواردنمان بۆ دەهێنێ. دوودانە قرژاڵی گەورە.

- ئەورۆ گرتوومانن، چاوت لێیە بەقەت نەهەنگێك دەبن!

مۆمەکانی سەر مێزەکە هەڵدەکات و دەڕوا. دەڵێم: « حەوتەی داهاتووکە هاتمەوە، تابڵۆیەکت بۆ نقاشی دەکەم لەسەر درگای میوانخانەکە تیبدە.»

شەو زۆر بە خۆشی تێپەڕ دەبوو ئانجلیکا پەیدا بوو. وەختێك وەژوورکەوت. ئەوانەی لە قاوەخانەکەدا بوون تێکڕاچە پڵەیان بۆ لێدا، گیتارەکەی دەست دایە و لەسەر کورسییەك دانیشت و ملی‌نا لە گۆرانی وتن، مادمازێل‌کەتی مات بوو.

دەتگوت تازە ئێمە نابینێ. دەست و مەچەکە لاوازەکە ی کردە ئەستوونی چەناکەی و تێی رامابوو. تاشەو درەنگانێك گویی بۆ شلکرد. شێوەکەشی اتەواو



هێشتەوە. لەسەر کورسییەکەی هەڵم ساند: «بابڕۆین بۆ دەرێ نەختێك پیاسە بکەین.»

ئانجیلا سپاسی لە جەماوەرەکە دەکرد. داوێنی‌کرا سەکەی لە رایەخە سوورەکە دەخشا قەراخی ئاۆەکە فێنك بوو. مادمازێل‌کەتی لە پێش منەوە دەرۆیی. وردوو لەسەرە خۆ. هەستم کرد دیسان بە تەنیام. گوتم: «وەرەبا ئاگر بکەینەوە. کەیفی لە لایە.»

بۆکۆ کردنەوەی دار و پووشکە تاکوو نزیك دارەکان رۆیشتین.

بڵێسەی ئاگرەکە سەوزوو سوور بەرز دەیووە. لە گڕەکە رامابوو. گوتی: «منیش زەمانێك گۆرانی بێژ بووم.»

دەستی بەئاگرەکە گەرم کردەوە: «هەڵکەوتێك بەسەبۆ بو ئەوەی ئێنسان وەگەڕێ بۆرابردوو. بو ئەو حەزو ئاواتانەی لە دەستی چوون. ساڵیانێکی دوور بوو بیرم لە وقسانە ئەکردبووە...»

سەرم دێشاو لە گێژەوە دەهات، حەزم دەکرد سەرم لە سەرشانی دانابا. چاوەکانی پڕبە دڵ ببینم رابردوو بیرنەکەمەوە. پێم خۆش‌بوو بۆم بڵێ و تەنیا بومن بڵێ. وەکوو مەل بخوینی وەکوو مەلێکی دەنگ خۆشی بەهاری بە سەردارانەوە.

دەنگی موسیقایەك لە چەشنی بلوێر دەهات. تۆزێك لە ئێمە دوورتر، چەند کەسێك لە ولای ئێمەوە لەبەر تیشکی مانگەشەو لە کەناری دەریا دەست لە نێو دەستا خەریکی کەیف و بەزمی خۆیان بوون. کەیفم‌سازبوو نەدەبوو مادمازێلکەتی تێکی دابا، گوتم: «پێت چۆنە بچین و لەگەڵ ئەوانە گەرێك هەڵپەرین؟»

هۆشی لە لای من بڕابوو. لە پەنگرو بڵێسەی ئاگرەکە رامابوو. وەك ئەوەی قسە لەگەڵ ئاگرەکە بکا وابوو.

گوتی: «دەنگم خۆش‌بوو لە کلێسەدا لەگەڵ گروپی کوڕ گۆرانیم دەگوت. رۆژێك بڕیارم دادەنگم بگا بە گویی خەڵکی تەواوی دنیا. رەگەڵ گروپێکی کوچە و بازاڕکەوتم. لە مسکووە دەستمان پێکرد. شار بە شار بە بڕوای خۆمان بەرنامەمان بۆ ئەو خەڵکە بەرێوە دەبرد.

به گیرفانی به تالّ و دنیایەك هیوا و ئاواتەوە. لە باخچە گشتیەکان کۆڕمان دەگێڕا.

هەر لەویّ لە بن درەختەکاندا دەنووستین... کەچی قەت وانەبوو دەنگ و ئاوازم لە درگای

پارکەکە زیاتر بڕواتە دەریّ. زۆرکات وابووە برسی و تینوو بیّوازبووم»

پەڵە هەورێك مانگی شاردبۆوە. دەریا ماسیوو تاریکەشە پۆلەکانی نەدەحەجمین، خۆیان وەسەر لمە خۆلەمێشییەکە دەکێشا. لەسەر بەردێك دانیشت. گوتی: «هەرکە گەیشینە بەیرووت.» چکۆلە و خنجیلانە بوو. لەگەڵ کەسێك بوینە ناسیاو دەنگی منی پیّ خۆشبوو گوتی: «تەنیا بۆمنی بلّیّ. گروپەکە رۆیی ئیتر گرنگ نەبوو بیلّێم.»

دەنگی بلوێر نەدەهادت. کەسێکیش هەڵنە دەپەڕیّ. هەر دەنگی خوڕەی ئاوو قرچ و هۆری ئاووربو دەهات و لە تایکیدا تەواو دەبوو. وەڕیّ کەوتین. وردە وردە بە پیاسە کردن تا ئەو سەری زەریا رۆیشتین. گوتی: «لە بیر خۆتی بەرەوە چیم پیّگوتی. ئەوانە باسی رابردووی من بوو. پێت خۆشەکەمێكرابکەین »

گوتم: «هەر کەس زووتر دەست لە و دارو درەختەانە بدات بردوویەتەوە»

لە پەنایەکەوە لەسەر هێلّێك راوەستاین. شەپۆلەکە لێمان نزیك دەبۆوە و تەڕی دەکردین.

کاکە هیممەت پێی خۆش بوو من بیبەمەوە. بە سەر لاقەکانمدا داهاتبوومەوە دلّم وەك سەری چۆلەکەی هەڵکەندرا و هەڵدەبەزی. شەقاوێك لە پیشترەوە بووم، سەر پەنجەم لە دیوارەکە کەوتبا کارتەواو بوو. دایکم لە نزیك تەنافی لیباسەکانەوە بە سۆزەوە سەیری دەکردم وەهەناسەبڕکی کەوتبوو. راوەستا: «ماندوبووم. تۆبرتەوە!»

نەم هێشتبوو ئەو بیباتەوە. من زووتر خوم گەیاندە درەختەکە.

لە پیشەوە بوون، مەلەکردن بەلەشی ئارەقە کردوو، مەلەپشتەو لانکە کردن بەدەم شەپۆلانەوە، شەپۆلەکان رای دەدام. مادمازێلکەتی لە رۆخی ئاوەکە لەسەر تاقەبەردێك دانیشتبوو. هەستم دەکرد بە دلّ و گیان ئاگای لێمە.



ئیزنی دامیّ سەر لەسەر شانیدانێم. بە شالّە کشمیرییەکەی دایپۆشیم. تاریکیش لە تەواوبون وابوو گوتی: «دوا جارکە هاتم بۆ ئێرە بۆبەڕیّ کردنی بوو.

کەشتی لەبەر ئیسکلەکەوە وەڕیّ کەوت. لەسەر پشتی کە شتییەکە راوەستابوو دەستم بۆتەکانندا کاتێك بڕیاربوو بڕوات. رۆیشت. لەبەرەبەری مانگی بە فرایناردابوین شالّە کشمیرەکەم لە خۆوە پێچابوو. بەڵام هێشتا لە رزم لیّهاتبوو. دەگەڕایەوە بۆ بەیرووت. لە بەیرووتی جوانیش دنیا ئەوەندە چکۆلەبوو. بنەمالّەکەیان. ئیزنیان پیّ نەداین لەگەلّ یەك زەماوەندبکەین.

هەر لەبەر ئەوە بوو وەڕیّ کەوتین و رێمان کەوتە ئیتالیا و گەیشتینە ئەو دوور گەیەش.

بەلاّم ژیانی دلّداریمان زوو جوانە مەرگ بوو. رۆژێك وتی پەریشانی ولاّتەکەمم.»

دەستیم گرت. سارد بوو. باییەکە خۆلّەمێشەکەی دەڕفاند. گوتی: «خەریکە رۆژ دەبێتەوە. دەمەویّ بگەڕێمەوە میوانخانەکە.»

هێشتا سەرم لەسەر شانی بوو. بێن و بەرامەی خۆشبوو. بۆنی خانمێکی تازە لە حەمامەوە هاتبێتەوە

بەرامەی وەجیهە خانمی بێوە ژنەکەی جیرانمان. ئەوکاتەی نانەکەی لە دەست وەرگرتم.

بووخچەی حەمامەکەی لە دیوەکەدا پڕژوبلّاو ببۆوە لەگەلّ مەمك بەندەکەی. لەسەر مافوورەکە.

گوتی «ئافەرین کوڕە باشەکە، دەستت خۆشبیّ من کەیفم بە نانی تیری سازدەبیّ. ئەوەش پوولّەکەی.»

مەمکە بەندەکەی لەسەر فەرشەکە دەست دایە و خستیەبن داوێنی کراسەکەیەوە:

«بەسەبرۆ. جاری بۆ تۆچاكنییە چاوە چاوبکەی. تۆش بوویەتە کاکە هیممەتتەوە.»

ئیترنەچووم بە پێو شوێنیەوە. وەختێك گەورە باوخۆشترکە بووم، زۆرجار لە نێو جێگادا بیرم دەکەوتەوە مادمازێلکەتی کوتی: «بیر لە چی دەکەیەوە؟»

- بیر لە ژنان.

پیّکەنی: «ژنان. زۆر سەیرە»

- لە نزیك بوونەوەیان دەترسم.

بەگەرمی پەنجەمی گوشی. روانینم بەرەو ئاسۆفری. شاڵە کشمیرەکە تەواو گەرمی کردبوومەوە:

«دەزانی تەمەنم چەندە؟ سیوپێنج ساڵ هێشتا دەستی هیچ کچێکم نەگرتووە.

سەرم لەسەر شانی لابرد. پاڵم بە گاشە بەردێکەوەدا.

بابم دەیگوت: «ژیانت لەگەڵ کیژۆڵان چۆنە؟»

کڵاوم کردە سەری. ئیزابل گوتی: «ئەگەر وابیّ ئەو قالیچە هەورێشمەم بدەریّ والەبەر درگای حەمامەکە دارات خستووە.»

بابم ئیزابیلی لەسەر پلیکانەکان بینیبوو. خۆی دەمەلافەوە پێچابووڕای دەکردە خواریّ. گوتم: «لەگەڵ تیپاوەدەرم نان.»

گوتم: «ژن نابیّ ئەوەندەی رووبدەیەی.»

لە ژێرەوە تەماشایەکی کردم و سمێلی کرۆشت: «کەی ئاوا.»

گوتم: « پیاو لە دەرس و مەکتەب دەکەن. هێشتا هیچ نەبوو، وەکوودار دات دەتاشن دەبیّ  دەستە و نەزەر لە ئەمرونییای ئەوان دابی.»

یەکەم جارە هاتۆتە سەردانم. وادەزانی دەرس خوێنی باشم و سەرم بە کار و باری خۆمەوە خەریکە.

دەڵێ: «جاروبارە خەرابنییە برێکیش سەر قاڵبی.»

لە پەنجەرەکەوە سەیری دەریّ دەکا: «هەوایەکی سازگاری هەیە. تاکوو ئێستا بە شەو ئێرەم نەدیوە.»

لەبەردەم ئاوێنەکەدا ئۆدکلۆن لە خۆی دەپژێنیّ. دەڵیّ: «فڕۆکەوانی دەزانی؟»

دەڵێم: « لێمگەریّ خوێندنەکەم کۆتایی پیّبێت.»

دڵنیای دەکەمەوە کە فرەی پێناچیّ. بە فڕۆکەوە گەشیتێکی ئاسمانی بکەم. دەڵیّ: « ئەونانەی دەیخوییی نۆشی گیانت بە راستی کوڕی منی!»



کووچە و کۆڵانە کۆنەکانی رۆم دەگەڕین. شێویش پتزامان خوارد گوتبووی: خواردنی جوان پۆش ولاوانە. دەستاوی دایکت شتێکی دیکەیە.»

بردم بۆ کابارەیەك. بەباشی دانەنیشتبووین هە ستا. گوتی: «بابڕۆین بۆ شوێنێکی بێدەنگ و چۆڵ. ترسم هەیە دوست و ئاشنایەك چاویپێم بکەویّ و حەیام بڕوات.»

قاوەخانە بە قاوەخانە دەرۆیشتین.﴿کەللەی تەمیکرد بوو.﴾ لە کۆلانێکی چۆڵ دەستینا بناگویی و تێی چریکاند. کۆتەکەشی بە شانیدا دادابوو. گوتی: « منت گەڕاندەوە بۆ دەورانی لاوەتیم، کوڕم!»

گوتی: « نەچی رۆژێك یاسی ئەو شەومان بۆ دایکت بنووسی!»

گوتی: «ئیتر کاتی ئەوە هاتووە. ژن بێنی و زەماوەند بکەی. دەبیّ دایکیت بنێرم بو خوازبێنی»

پرسی: «تاکوو ئێستا لەگەڵ کەسێك...؟»

مادمازێلکەتی لەبەر قاقاکێشان بە پشتا دەکەوت.

گۆتم:« دڵخۆشی دیکەشم هەیە. سینەما و فیلمی لێکدان و پێکدادان و رۆمانی ئاشقانە و ئەوانە ی وا خوێندوومەتەوە و زور ژن هەبوون لە ژیانمدا هەبوون هاتوون چوون» سندی، ئەمریکی بوو. جوری جلووبەرگ. دە یگوت: « بە هەڵەدا چووم ئاشقی تۆ بووم.

لەگەڵ تۆم هیچ هەست و سۆزێکمنییە. وادەزانم دزیوم. چاوت من نابینیّ. خۆم تیّناگەیەنی. زور پیاو هەیە بە  ئاواتەوەن تەنیا چرکە ساتێك لەگەڵ مندابن...»

لەسەر تەختەکە خۆی راکێشا بوو. لەو تاریکیەدا مژی لە جغارەکەی دەدا:« تاکسییەکم بۆرابگرە بمابۆ هوتێلەکە.»

لەسەر تەختە نەرمەکەم راست بوومەوە. تاکسییەکم بۆ راگرت. بیّماڵاوالی کردن رۆیشت.

ماریا کەیفی لە هەڵسووڕاندنی کار و باری ماڵ بوو. جلوبەرگی بۆدە شۆردم و ئوتووی دەکرد.

دەستاوی خۆش بوو. فێرمکرد بوو چون تاسکە بابم بۆ دروستبکا. بابم لە ئێرانەوە تووی ریحانەی بۆدەهێنام ماریا لە گوڵدندا دای چاند بوو هەموو رۆژێ دەهاتە سەردانم ئاوی دەکردە بن گوڵەکانەوە. بەڵێ رویشت. دەیگوت: «دایك و بابم بە خۆشەویستی من و تویان زانیوە. زەماوەندم لەگەڵ بکە.»

کاتۆلیك بوو. گەرەکی بوو دەپازدە منداڵمان هەبێ.

سۆفیا گوتبووی: «ژیان لەگەڵ تۆدا بە راستی شێتییە!» پێی خۆش بوو چاونەزێرێم وجوامێر بە دەستوو بردبم. تانە ی لێدەدام بیَواز و هێمن گوێم بو قسەکانی شلکرد بوو بزەم دەهاتێ. کارخانە چییەتی بۆ خۆی دەستە بەرکرد و رۆیشت. قەڵافەتی بەرچاو بوو. زۆر خۆر بوو. تێری‌کە دەخوارد ملی دەنا لە گریان. گوتبووی: «گوێت پیَنەدام هەتا ئاوا قەڵەو و ناقۆڵا بووم.» دایمە لەسەر یەخچاڵەکە بوو.

رویشت و نەمدیتەوە.

مارگریت پەرستاری منداڵان بوو دوو شەمویان دەهاتە ماڵەکەم. لە پارکدا لەگەڵ یەکەی ئاشنا بوین. وێنەیەکم لیَ هەڵگرتبوو، گوتی: « بۆچی بسکەکانت ئەوەندە درێژ کێشاوەتەوە؟

گوتم: « هەر ئەوەیە بینیوتە پێت باش نییە پارەکەی مەدە»

لەودیو دار و درختەکانەوە هاتبوو. باروبنەی تێکەوەپێچا و رۆیی. سەرمام بوو کە رۆیشت. لە سەرمادا دەلەرزیم. شەقە شەقی ددانم دەهات. مەلافەکەی دەخۆیەوە پێچابوو. بە پلیکانەکاندا دەچووە خوارێ.

- نابێ ئەوەندە روو بدەی بە ژنان.

بابم بە دزیەوە سەیری دەکردم و پێدەکەنی: «پیتزا شتێکی خەراب نییە.»

را دەکا. پلیکانەکان تەڕن باران دەبارێ. ورد و بێ بڕانەوە. لێدەداو دەڕوا ئێتر نایاتەوە.

بە دڵ دەزانم تازە نایاتەوە. پیترۆ گوتی: « لەوە دەچێ وەدووی کۆنەیاری کەوتبێ.»

بابم گوتی: «تاکوو ئێستا لەگەڵ کە سێك...»



ماندووم: هیلاکی هاتووچۆ، شەکەت. بووم و سێ پەك و کۆڵەپشتیەکەم هەڵبگرم تا ئەو سەری گۆڕەیانەکە راناوەستم. گوتی: «بابزانم چیت لە جانتادایە.»

گوتی: «رۆژ بۆتەوە دەمەوێ وەگەڕێم. میوانخانەکە.»

- پشیلەکەم گەرەکە.

- گشتی تاوانی دایکتە.

- پشیلە دەبێتە هۆی نەخۆشی. تێدەگەی

- وازم لێ بێنە. دەمەوێ بخەوم.

یەکێك دو سێ جارشانی راتڵەکاندم. رۆبرتۆ بوو.

- کوڕی باش خەوت لێ نەکەوێ. دو سەعاتە چاوم لێتە. وتم نەکا... هەر نەدەجووڵایەوە.

دەنگی موسیقا دێی. رەنگە ئاکاردئۆن بێت.

- لێمگە رێ، کەیفی شەڕە دەندوکێم نییە.

سەرم بەرز دەکاتەوە. تەماشای دەکەم. رەنگ و روویی لەبەر چاوم لێڵە. بزەی دێ: « نەختێکت پوول هەیە بە قەرز بمدەیتێ؟»

لە قاوەخانەی خلیو دەنگی قاقاکێشان و هەڵپەڕکی دەهات. دەکرا بچیت و قاوەخانەکەی بەسەر یەکدا بشێوێنی. روبرتۆ قۆڵی کۆتەکەم دەکێشێ: «هەر نەبێ سیگارێکم بدەیە...شێواوم.»

وێستگە چۆڵ و هۆڵە. باران دەبارێ. سواری پاسەکەدەبم. لە دواوە داداەنیشتم. میوانخانەی مادمازێل‌کەتی رووی لەمە دیترانە یەکپ و تاریك ومۆن راوەستاوە.

پێلووەکانم لەسەریەك دادەنێم.

# پەنابەر

کەسێك لە ئێمە خۆیی کوشت. خۆیی هەڵواسی بوو. لە حەمامـدا،بـە پەتەکـەوە جۆڵانـەی بـوو. هـەڵم و مـژ دەوری تـەنیبوو. چـاوی بـە مولـەق وەسـتابوو. زاری داپچریبوو. وەکوو ئەوەی بڵێ: «تف لەو ژیانە!» قولابی قایـشەکەمان (کەمەربەنـد) کردەوە. کەمەربەندەکـە خـەتێکی ڕەشـی خستبووە دەوری ئەستۆی. دامـان گرتـە خوارێ. ماسیبوو. سەر و قژی تەڕ و ئاڵۆزا بوو. بۆینباغی نە بەستبوو.

یەکێك ئـاوی حەمامەکـەی گرتـەوە. هـەڵمی ئاوەکـە ژوورەکانیـشی تـەنیبۆوە. موکەتە ڕەنگ خۆڵەمێشییەکە تاریکتر دیاری دەدا. لە سـەر عـەرزی رامـان کێـشا. هەر کەسەی قسەیەکی دەکرد. هەمووماں دەستمان تێکەل دەهات.

ـ بۆ چی هاتوین؟

یەحیا گوتی: «خۆزگە دەگەڕاینەوە!»

تەماشامان کرد لە پەنجەرەکەوە بۆ دەرێی دەڕوانی. بـای نـەدەهات (ئـامبولانس ئاژیری) نەکێشا. لە نزیك بینای کەمپەکە راوە ستابوو.

ئـەو پیرەژنــەی لــە شــەقامەکەوە دە پەڕیــەوە، ســەبرێکی کــرد و ســەیری ئامبولانسەکەی کرد.

دواتر لە سەرەخۆ بە کوڕە کوڕ پەڕییەوە.

دەبوو کارێکمان کردبا. ئاوێنەیەکمان لە بەرامبەر دەمی راگرت. چاویمان لێك نا. دەمی ئاوالا بوو. وە ك ئەوەی بیهەوێ شتێك بڵێ.

گوتمان:«مافی پەنابەری نادەن»

دیلمانج وتبوی: « دەبێ بگە ڕێتەوە»

کەسێك خۆی لە تەلەفونەکە نزیك کردەوە.مەلافەیەکمان بە سەردا هەڵکێشا .



دەمانەوێ بڵێین: «ئاخرییەکەی کاری خۆت کرد، یەحیا!»

سریوەمان لێوە نایە. وەك ئـەوەی شـتێك لـە گەروومانـدا گـیری کـرد بـێ. بـێ هەستین.یەکێك لە پشتەوە درگا پێوەدەدا. لە پەنجەرەکەوە لە هەورە خۆڵەمێشییەکان رادەمێنن. بە یەحیا دەڵێ:

« دەبوو لە گە ل ئە واندا بما بایەنەوە، ئەگەر لە ژێر مێچێکیشدا مرد باین»

کەسێك لە دالانەکەوە بە کوڵ دەگری. چرا سوورەکەی ئامبولانس هەڵخوولا.

ـ «کوڕم خودا شێتتی کردووی!

لە ژێر تەختەکەوە جانتاکـەی هێنـابووە دەرێ.ئـەوەی لـە نێـوی دا بـوو لەسـەر تەختەك بلاوی کردبۆوە. خاولیوو سابوون و مسواك و... عەکسە کەی مینـا لـە بـە ینی قامکە درێژەکانی دابوو.

ـ «نامە ی بۆ بنێرە»

ـ «بریا ئێرە حەسارێکی هەبا، لەگەڵ حە وزێکی دڵ نشین. بە گۆڕی بـا بیـان بـۆ پەنابەر راگرتنیان.»

هیچم نەگوت.

تارەکەی هە میشە لە سووچـی وەتاغەکـە هەڵـدەپەسارد. وەکـوو گریـی بـۆین باغەکەی قەت رێك و پێك نە بوو.

کە سێك بە خێرایی بە پلیکانەکاندا دێتـە سـەرێ. دواتـر دوو مـەعموور بـە دار مەیتەکەوە.

دیلبەندەکە گوتی: «بینووسە و ئیمزاشی بکە.»

مــەعمووره سیگارکێــشەکە، قونـچکە سـیگارەکەی هاویـشتە نێـو گوڵـدانی شەمدانییەکەوە.

ـ قفڵی درگاکەمان شکاند. قولابی پشتێنە قایشەکە نەدەکراوە. یەحیا بە حەواوە باوە خولێی بوو. وانی حەمامەکە سەررێژی کردبوو.

یەکێك ئەوە ی بە دیلمانج کە کوتبوو.

دیلمانجیش بە فەندەکەکەی دەستی سیگاری، مەعموورە کەی داگیرساند.

ـ لەسەر عەرزەکە درێژمان کرد. دەمی ئاواڵا بوو.

ئەو مەعموورە سیگاری نەدەکێشا، بە سرتە شتێکی بە گوێی دیلبەند داچرپاند. لێی تێ نەگەیشتن. کاتێك بەرزیان کردەوە ئە وانەی دەوروبەری گوتیان.

*« لاالەالاالله ... »*

مەعموورە سیگارکێشەکە بە سەرسوڕمانەوە سەیری دەکردین. لە داڵانە کە وە کە سێك زیراندی. دیلمانج کشادوواوە. پاشان لەگەڵ مە عموور سیگارکێشە ملیان نا لە قسەکردن.

وتمان:« بۆ کوێی دەبەن؟»

یەکێك وتی:«چی لێدەکەن؟»

وتمان:«لێی گەرێن با لێرە بمێنێتەوە.»

گوتی:«باڵوێز خانە کارەکان جێبەجێ دەکا.»

هێشتا تەرمی یەحیا  لەبەردەستا کەوتبوو. هەروا دە می داپچڕیبوو.

گوتمان:« ناپیاوینە!»

وێنەکەی مینا لە پەنا گوڵدانی شەمدانییەکان داندرابوو. لە قوژبنی ژورەکە ش تارەکەیی دەژەنی. هە میشە لە کاتی دڵتەنگیدا، دەنگی تارەکەی دە هات.

ـ « بۆچی ناگە ڕێتەوە؟»

ـ « خۆزگە مابامەوە

دیسان کوپی تارەکەی دەنێتە سە ر رانی و پەنجە بەسەر تێلەکانیدا دەهێنێ.

ئاوازێکی دڵ تەنگ.

وتمان:« ئێمە ش دێین.»

کەسێك قۆڵی کۆتەکەی دەکێشا. دیلبەند خۆیی کێشا دوواوە. شوێنی دەستەکەی تەکاند.

وتبوومان:« بریا ئێمەش بمابایەنەوە»



دیلمانج دەڵێ:« هەمووتان مۆری بکەن.»

نووسراوەکە مۆر دەکەین. کاغەزەکە دەخاتە نێو پووشەیەك.

ـ چاو بەستنە هەمووتان دە زانن.

یەحیا گوتبووی:« دەزانین، رۆژێك هەر لێرە دەمرین.»

مەتەقمان لێوە نەدەهات.

دیسان پەنجە بەسەر سیمەکاندا دەکێشێ. سارد و دڵتەنگ.

مەعموورەکان لاشەی یەحیا دەخەنە ئامبولانسەکەوە،بە بێ ئەوەی بە مەلاقە دای پۆشن.

وەختێك وەڕێ دەکەون وستە لەکەسەوە نایات.شنەی با دێت. وەك ئەوەی کەسێك لە پشت پەنجەرەکەوە سازێك بژەنێ.دڵ تەنگ و بێ گیان.

شەمدانەکەی یەحیا ئێستاش لە پشت پەنجەرەکەوەیە. لە نزیك عەکسەکەی مینا، ئیتر ئەویش نەماوە. هەڵمێکی خە ست لە ژێر درگای حەمامەکەوە شەپۆلی دەدا.

پشتێنە قایشەکە هێشتا لەسەر کورسییەکەیە.

## دەمێنینەوە لە تاریکیدا

درگا کە دەکاتەوە و رووناکی بەسەر پەتووی کوڕەکەماندا دەڕژێ.

کاتێك دێتە ژوورەوە، هەر ئەو کراسە ئاماڵ سوورەی لە بەر دایە. چاوی بە میزە خنجیلانەکە دەکەوێ. دوگمەکانی دادەخابە. دڵەڕاوکێ تێم رادەمێنێ.

مێردە تازەکەی لە دەرێ بانگی دەکا: «دیسان چیت لێهات؟»

لە تەنیشت تەختەکە دادەنیشێ. لە نزیك میزە چکۆڵەکە. چاو لە چاوم دەبڕێ.

وێنەکێش وتبووی:«پێ بکەنە.»

پێکەنیبووم،لە بێدەنگیدا.

وەرسووڕابووم رو بە دیوارکە. بە چەشنێك کە نەی بینم. چاوم بە تابلۆی کوڕەکەمان دەکەوێ، بە دیوارەکەوە.رنگە شینەکەی گۆڕی بوو بە خۆڵەمێشی. گوتبووم:« دەبێ شینبێ»

دەڵێ:« پێت خۆشە چیرۆکێکی جوانت بۆ بخوێنمەوە هەتاکوو خەوت لێ بکەوێ؟»

شووە تازەکەی لە دەرەوە بانگی دەکا: «نایەی بخەوی؟»

کتێبەکە کە هەڵدەگرێ بە زەوی دادەکەوم.

« شکاندت!» ئەوە قسەی کوڕەکەمان بوو.

هەڵم دەگرێتەوە. تماشام دەکا. ئێستاش پێدەکەنم.

دەڵێ:« وست ! نەگری. بابت تووڕە دەبێ.»

« ئەوە باوکم نییە:»

دەگەڕێتەوە.، سەیرم دەکا.خۆم بەسەر باڵنجەکە دا داوە. پێکەنینەکەم هەر بەردەوامە.

هەڵدەسێتەوە سەر پێ. وەك ئەوەی بڵێی دەی هەوێ بڕوات. دەمهەوێ بڵێم: «مەڕۆ!»

دەنگ ناکەم. دیسان پێدەکەنم.

تەماشایەکی کوڕەکەمان دەکا. دادێتەوە هەتا پەتووەکەی بەسەر دا بدات.

قژەکەی بەسەر شانیدا دەڕژێ. ئیتر چراکە دەکووژێنێتەوە و دەڕوات.

لە تاریکیدا دەمێنینەوە.



## شەمدانەکان

**پیاوەکە چاوێکی لە کاتژمێرەکە کرد: « زۆری ماوە؟»**

فرۆشیاری مەزن وتی: «لەو تەپکەی دەچینە ئەو دیو»

ژنەکە لە پشتەوە دانیشتبوو،گوتی: «پیاو وا دەزانێ دەچێ بۆ سەیران»

پیاوەکە وەرسووڕا و چاوێکی لێکرد. ژنەکە پێکەنی.فرۆشیار بە قامکی ماڵە نیو. تەواوەکانی پیشان دا: «سالێك لەمە و پێش گشتی تە پۆلکە بوو»

ژنەکەوی: «زۆری پێ نا چێ دەبێتە شارێکی خنجیلانە.» پیاوەکە وتی: «هەر وایە» خۆیان بەکۆلانێکی خۆڵاوی داکرد. پیاوەکە شووشەی ماشینەکەی هەڵکێشا: «زۆر لاپەڕە» ژنەکە وتی: «بەڵام دڵگیرە.»

پیاوە کە ئاورێکی لێدایەوە. ژنەکە لە دەرەوە راما بوو.

ماشێنەکە دەورێکی تەپکەکەی لێدا. ژنەکە بە دەنگی بەرز وتی:«دەرکەوت»

پیاوەکە چاوی لێنە کرد. گوتی: «هەموو رۆژێ چۆن بڕۆم و بگەڕێمەوە؟»

فرۆشیار گوتی : «پاسی خۆی هەیە.»

ژنەکە وتی: تۆ بەیانی دەڕۆیی و شەو دێییەوە، من بڵێم چی؟»

فرۆشیار لە جامەکەوە بۆی روانی:«بۆ مەگەر منداڵتان نییە؟»

ژنەکە چاوی بە ریزی دار کاجەکاندا گێڕا.

ماشێن لەبەردەم دەروازەی شارۆچکەدا وێستا. دابەزین فرۆشیار چوو کلیلەکە بهێنێ. ژنەکەش لەسەر پلیکانەکە دانیشت. چاوی بە باخچەکە داگێڕاو لە ریزە شەمدانییەکان راما. پیاوەکە گوتی:«خەتای تۆیە.»

ژنەکە نێو چاوانی تێك نا گوتی: «تاوانی من چییە کێ دەیزانی ماڵی ئێمە وەبەر ئەم پرۆژەیە دەکەوێ؟»

فرۆشیا بە دەستەیەك كلیلەوە گەڕاوە: «دەڵێن پەیژە بەرقی كار ناكا. دەبێ لە پلیكانەكانەوە سەربكەوین.»

پیاوەكە وتی:«هەروایە»

ژنە بە دەم ڕێگاوە گوتی:«چەندە پاك و خاوێنە»

لە پێشەوە دەڕۆیی.

درگاكە كرایەوە، ژنەكە وتی:«ماڵێكی دڵگیر و خۆشە!»

فرۆشیار بە پێكەنینەوە گوتی:«تاوتێی دەكا. سەرنجی بدەنێ، پەنجەرەكانی، شەوانی مانگە شەو دەڵێی ڕۆژی روناكە.»

لە ژنەكە ڕاما، تیشكی تاو لەو دیوی شووشەكانەوە میوانی ژوورەكە بوو.

ـ چیمەن تۆیە.

فرۆشیار لەگەڵ ئەم قسەیەدا مستێكی بە دیوارەكە داكێشا،پیاوەكەش مستی ڕاست كردەوە، بەڵام لێی نەدا. گوتی :«زۆر درەنگە ، دەبێ بگەرێمەوە بۆ سەر كارەكەم. وا چاكە بگەرێینەوە.»

ژنەكە وتی: «دەكرێ حەمام و كێشتخانەكەشی ببینم؟»

لەگەڵ فەرمووی فرۆشیارەكەدا، وەدووی كەوت.

پیاوەكە لەبەر پەنجەرەكەدا ڕاوەستا.لە باڵكۆنەكەی بەرامبەری ڕاما. شەمدانەكان بەریز لەسەر نەردەكان خۆیان دەنواند. خونچەكانیان كرابۆوە. كیژۆڵەیەك بە تەشتێك لیباسەوە هاتە سەر باڵكۆنەكە. پیاوەكە سیگارێكی داگیرساند.كیژۆڵەكە كراسێكی سووری لە تەشتەكە دا هەڵگرت و ئاوچۆڕی كرد.

پیاوەكە مژێكی لە جغارەكە دا.

ژنەكە بە دەنگی بەرز وتی:«زۆر جوانە»

پیاوەكە گوتی: «بە راستی‌تە.»

فرۆشیار گوتی: «كاشی‌یەكانی لە هەرە باشەكانە.»

ژنەكە وتی:«بەڵێ رەنگی جوانە»



كیژۆڵە،كراسەكەی تەكاند و بەسەر تەنافەكەدا رێك و پێكی كرد، گیرەی لێدا تەشتەكەی هەڵگرت و رۆیشت.

ژنەكە دەستی خستە سەر شانی پیاوەكە:«دیمەنێكی جوانی هەیە.»

پیاوەكە وتی: «شەمدانییەكان.»

ژنەكە هیچی نەگوت. فرۆشیار گوتی :«پێتان خۆشە بگەڕێینەوە»

پیاوەكە هیچی نەگوت.

ژنەكە وتی: «با بگەڕێینەوە»

وەڕێ كەوت. لە پێش فرۆشیارەكەوە دەرۆیی. پیاوەكە چاوی لە باڵكۆنەكەی بەرامبەریان بڕی.

## ماه مونیر

پیرە پیاو گوتی: «ماه مونیر!»

چاوی لە تاریکی بڕی و گوێی ڕاگرت بۆ ئەو دەنگەی کە نەیدەبیست.

پەنجەکانی لە لێواری تەختەکە گیر کرد، حەولی دا هەستێتە سەرپێ. دەستەکانی دەلەرزی و ئەوجاریش بە پشتەوە درا بە زەویدا. هاواری ماه مونیر نەدەهات دیسان وتی: «ماه مونیر!»

کاتێك ماه مونیر دەهات، ئەو گوڵانەی لە باغچەکە چنیبووی لەگەڵ خۆی هێنانی لە گوڵدانی پەنا تەختەکەیدا چەقاندی و دەستی هێنا بەسەر شەونمەکاندا. لەسەر کورسیە باشەکەی پاڵی دەداوە و کتێبی بۆ دەخوێندەوە.

دەرمانەکەی پێدەدا تا خەوی لێنەکەوتبوو، لە پەنای دادەنیشت. بیری دەکردەوە، هەر کە چاك بۆوە، ئەو خانووبەرە کۆنەی تێك بدات و سەر لە بەر دروستی بکاتەوە. ئەوسا لێفەکەی وەسەر خۆی هەڵدەکێشێ و بیری لە چاوە رەشەکانی ماه مونیر دەکردەوە، لەگەڵ دوو ریز مژۆڵی درێژی.

ئەوجار بە توندی گوتی: «ماه مونیر!» بە چەشنێك گوێی لێبێ. خۆی لە سەر تەختەکە هەڵکێشا ددانی بە خۆی داگرت هەتا ژانەکەی هێور بێتەوە دیسان لە تاریکی راما.

گوێی لە بەربوونەوەی ماه مونیر بوو لە سەر پلیکانەکانەوە. رەنگبێ دەنگی شکانی نەردەکان بووبێ. کە دایمە دەستی پێدەگرت. حەولی دا قامکی لاقی بجووڵێنێ.

دوکتور گوتبووی: «بە داخەوەم! سەکتە کاری خۆی کردووە.»

وتبووی: «جارێ بە جێوبان کەوتووم؟»



گوتبووی: «ئیتر روخسەتت دەدەمێ بچیتەوە ماڵێ.»

چوو بۆوە پەنا گوێی پێیگوتبوو: «کچێکی جوانت هەیە!»

چاوی لە چاوی ماه مونیر نەدەتروکاند:«زۆر چاك ئاگات لێی بێ، خاتوون»

ماه مونیر دەستی لەسەر شانی پیرەپیاوەکە هێنا خوارێ. ئارەقەی نێوچاوانی بە دەستەسرێك پاك کردەوە. نابوویە سەر سەندەڵییە تەگەر دارەکە.

لە ماوەی رێگادا بیری لێ دەکردەوە، بێتوو ماه مونیر بە جێی بهێڵێ چی بە سەر دێ نەیپرسیبوو بۆ کوێ دەبەی. وەختێك گەیشتبوونەوە ماڵێ دڵی حەسابۆوە.

دایمە خواردنی بۆ دەهێنا و لەبەر دەمی دای دەنا. بە لایەوە رادەوەستا هەتا دەیخوارد. ئیتر بە پلیکانەکاندا شۆڕ دەبۆوە.لە دڵی خۆیدا دەی گوت رۆژێك ماهمونیریش دەڕوات. قەت نە ڕۆیشتبوو. مابۆوە، زۆر جار ویستبووی بڵێ:«دەتەوێ خۆت لە پێناوی مندا خە لاس بکەی.» بەڵام نەی گوتبوو: تەنیا لە چاوە ڕەشەکانی رامابوو.

دەستی لە زەوی توند کرد تاکوو خۆی بکێشێتە خوارتر. پەنجەی کە بگەیشتایەتە زەوی دەی توانی لاقەکانیشی بکێشێ.

تریفەی مانگەشەو کەوتبووە سەر پەردە تۆڕەکە. شنە با دەی بزواند.

ئەگەر دەیتوانی لەسەر پلیکانەکانەوە خۆی بخزێنێتە خوارێ، رەنگی ماه مونیری بدیبیایە. پڕ بە دڵ حەزی دەکرد بۆ تەنیا جارێکیش بێ سەر بکاتە سەر شانی دەستەکانی بگرێ و لە چاوە رەشەکانی رامێنێ.

ژنەکە کە مرد، کچەکەی کەلای لێ نەکردەوە، ماهمونیر بوو بە گۆچانی پیری و بوو بە هەوێنی ژیانی. دواتر بەوەی زانی، وتبوویان:«لەو ئابڕوو چوونە بە سەری پیری» «مارەت کردووە؟» «ئەوەی قسەی کچەکەیان بوو پیرە پیاو بە توندی گوتبووی:«دەستم لێ هەڵبگرە» ماهمونیر بە خێرایی لە پلیکانەکانەوە سەرکەوتبوو.گوتبووی:«ماندووم، بڵێ با بڕوات»

لێفەکەی بەسەر خۆیدا دابوو. کچەکەی لەسەر پلیکانەکانەوە بۆڵە بۆڵی هاتبوو:«خەریکە ماڵەکەت بەسەردا دەڕووخێ.»

ئەی گوتبوو ماڵەکەم بە نێوی ماەمونیرەوە کردووە. هاواری کردبوو:

«لێ گەڕێ بە خەراپ بێ لە کۆڵم بەوە، وازم لێبێنە»

کازیوە جێی بە شەو لێژ کردبوو. خۆی بۆ پێشەوە خزاند لە ژوورەکان و داڵانەکەش دوور کەوتەوە. هەستی بە سەرما کرد. لە نەردەکە نزیك بۆوە. دڵۆپەی خوێنە ڕەشەکە تاکوو خوار پلیکانەکانەوە دەبینرا. درا بە عەرزا. ویستی هەستێتەوە. هێزی نەبوو لەوێ بوو لە خوار پلیکانەکانەوە. خۆی بەسەر نەردەکەدادا. خۆیی گرتەوە، خولێر بۆوە تاکوو ئاخرین پلیکان، دەنگی تێك شکانی پەراسووەکانی ماەمونیر دەهاتەوە بەر گوێ.

پڕی بە کراسەکەی ماەمونیر داکرد.

تیشکی هەتاو لە پەنجەرەکەوە دەهاتبووە ژووریّ و دەئامێزی گرتبوون.

دەهات بڵێ:

«ماەمونیر» ئەی گوت. تەنیا تەماشای کرد.



## هەر وەکوو جاران

دەرەنگ دەگەیەیی.هەروەکوو جان لە سەر کور سیە بە تاڵە کە دا دەنیشتی ئەو هەموو ڕێگایە هە تاکوو وێستگە کە بە هەڵاتنها نبووی. دەترسی ئەوجاریش وەدرەنگی بکەوێ.

خانمە دەرس بێژەکە دەڵێ:«دیسان درەنگها تیبیەوە! »

چاوێك بە نەخۆشەکاندا دەگێڕێ لە داڵانەکە راوەستاون. ژنیك دەم ولێوی سەرما بردوویەتی.

دەڵێ:«تۆ لە کوێی خانم! ئەوەندە بە سەر پێوە راوەستاوین ئاوی ئەژنۆمان داهات!»

تەلێفون لەسەر مێزەکە زرەی زەنگیدێ، پەیتا پەیتا. بیستۆکەکە، کە هەڵدەگرێ دوکتور دەڵێ: «ئەم ئالۆزییە چییە؟ هێشتا نەخوشەکان لەپشت درگارا وەستاون. »

دەتەوێ بڵێی بە جاڕوجهەندەم! بەلام دەنگ ناکەی. نینۆکت دەکرۆژی.

خانمە دەرسبێژەکە دەڵێ: «دیسان ملتنا لەنینۆخ کرۆشتن! دەڵێ

«گوڵم بۆتان هێناوە! » منداڵەکان قاقا دەکێشن. دەڵێ:«گوڵیتازە!»

باوك دەڵێ: گوڵی تازم لەکوییبوو. رۆڵە! لێمگەڕێن با سەرخەوێك بشکێنم. بەیانی لەگەڵ گزنگی هەتاو دەبێ بچمگوڵ بێنم بۆ دووکانەکەم. »

دایك دەکۆخی و داوود لە قەراخ حەوزەکە هەڵتروشکاوە دەست لە ئاوەکە ڕۆ دەکا! بە شوێن ئەو ماسیە سوورانەدا دەگەڕێ کە نایانبینێ.

شنەی با دێت و منداڵەکان لە حەسارەکەدا خەریکی غارغارێن و حەقلیمەقۆن دایە مەمدە بە گورگە، گورگە ددانی تیژە» دەبی بە گورگ هەڵیان دەبۆی، دەستت

کەون هەڵیان دەدڕی، ببی بە بەرخی پێ بەخاڵ دەت رفێنن لەم ماڵ لە و ماڵ. تـانـە خوراوی خێرا راکە...

دایك دەکوخێ« سنگم دەکزێتەوە، لەیلا.»

بابم رۆیشتووە بۆ گوڵخانە کە . سەرت بە سەر دەفتەری وانەکانتدا گرتووە. دایکم دەکوخێ چەند جار لە سـەریـەك. هـەروەکووجاران. رەش و شـین هەڵدەگـەڕێ. داوود ﴿لەگە نەکە﴾ دەهێنێ دایکم سەری بە سەردا دەگرێ و هێلنج دەدا، خوێنە کە وێنەی گوڵێك دەنەخشنێ

ئێستاش وەکووجاران دەستت تێکەڵ دێت. غارنادەی بۆ ماڵی لوعەییا هەتا کوو ئەو نەهاتووە. هەراسانو سەر لێشیوا و هەر جارەی سەر بـە لایەکـدا ناکـەی. هـەتا دایکت بەو چاوە سەوزانـەوە سـەیرت بکـا. مـات و مـەلوول. تـۆش دەسماڵێـك بـە دەسـتەوە، پرپیـشکەی خوێنەکـەی دەم و گێـوی خـاوێن دەکەیتـەوە و وەك مێژۆکـە دەلەرزی. دەرس بێژوتی: «ئەمجارە بەمنی ببەخشە. دەرسەکەی خـراپ نییـە. تـەنیا ئەوە نەبێ تۆزێك لاسارە. بەڵێن دەدا ئیتر درەنگ نەیات.»

درەنگ دەگەیتی. داوود لەبەر بێڵایە دانیشتووە، بەو چاوانەی کە نییەتی لە درگا کە راماوە، تاکوو تۆ بێت: «دایکمیان برد!»

دەڵێی: «بۆ کوێی؟.»

لوعەییا دەڵێ: «نەخۆشخانەی هەزاترتەختی.»

تۆش بیر لەو تەنیا تەختە دەکەیتەوە کـەوا لـە نێـو ئـەو هـەزار تەختـە دایـەو دایکتیان لەسەر خەواندووە.

درەنگ گەیشتی. پاسەکە رۆیشتووە. دەپرسی: «پاسەکەی دیکەی دێـت؟.» ئـەو پیاوەی لە نۆرەدا وێستاوە زنجیرێکی ورد بە سەری قامکی هەڵدە سوورێنێ:

«وە درەنگ کەوتوون؟»

متەق ناکەی. پێدەکەنێ. جارێکیتر دەڕوانیتە ئاگادارییەکان خەتێکی سووری بە دەوردا دەکێشی. رۆژنامەکە قەد دەکەی، دەیخەیتە نێو کیفەکەتەوە. پیاوەکە دەڵێ:



«هەر کات کەیفی لێبوو دێت!»

کەماڵ دەڵێ: «لەیلا کەی دێی؟ »

دەڵێ: «قەت نایەم!»

شەماڵ نا سرەوێ و بسکە کانت زیاتر دەشێوێنێ. لە شـەقامەکەوە کـە رادەبـری ئاوڕ نادەیەوە بیبینی. دیمەنی شەقام و دارەکانیش لە پێش چاوت دەلەرزن.

گوڵەکان هەڵدەوەرێنی.

بەبابت وتبوو: «گوڵم بۆ بێنە. تازەو بۆنخۆش قولێك گوڵی گوڵی سوور» بابت گوڵی بۆ هێنابوویی.

داوود گوتی: «رەنگییان چۆنە؟»

بابت گوتبووی:«هی لەیلایە.»

سەتڵەکە دەهێنی. داوود گوڵەکان لە ئاوەکـە دارا دەگـرێ. تـاکوو بـەیانی چـەند جارێك سەیری ئەو دڵۆپـە خوێنانـە دەکـەی، سـووریەکەی لـە پـێش چـاوت نـەخش دەبەستێ. دایکت لەوێ نییە و داوود. بەو مۆرە دارانەوە سەرگەرمە کە بابـت بـۆتی ساز کردبوو.

ماڵێك دروست دەکا، یان برجێکی بەرز هەر سازی دەکات و لێی دەڕوخێتەوە./

داوود دەڵێ: «لەیلا ئاسمان چ رەنگە؟»

کەماڵ دەڵێ: «شینێکی تەواو.»

لە خۆهەڵدان و هەڵچوونی ئاوەکەرا دەمێنی. سەر دەکەوێ و دێتەوە خـوارێ ژێـر پێدەکەوێ « ئێوە هەموو رۆژێك دێنە سەیرانگا؟»

«جارو بارە ورۆژانی هەینی براکەم دەهێنم.»

«داوود دەست بە لێواری کورسییە کەدا دەهێنێ.»

بابت دەڵێ: «ئەو لاق ئیشەیە رۆژێك لە گۆڕم دەنێ!»

داوود دەرمانەکانی بۆ دەهێنێ و لە پەنا را دیوکەدا دەنیشێ.

لە پاسەکە دێیە خوارێ، پیاوەکە هێشتا بە شوێنتەوەیە.

دوکتور وتی: «پەرێشان مەبە، پارەی نەخۆشخانە و دەرزی و دەرمانی بابت من دەیدەم . تۆ بەژیانی خۆتەوە خەریك بە؟»

«من بۆ داوود وەك دایك وام.»

کەماڵ دەڵێ: «ئەی ژیانی خۆت؟»

وە درەنگی کەو توویی. رۆژنامەکەت لە دەستایە لە ناونیشانی دەگەڕیێ. کەماڵ سەیرت دەکا. چاوەکانی پڕلە بەزەیی. هەر وەکوو. جاران.

«ژیانی ئێمە لەیەك دانە براوە.»

دەستی داوود دەگری و وەرێ دەکەوی. رۆژانی هەینی سەیرانگا چۆڵ و هۆڵە.

هەر وەکوو جاران داوود دەپرسێ: «ئاسمان چ رەنگە»

دەڵێ: «خۆڵەمێشی. بە کۆڵێك هەوری ئالۆزەوە.»

بای دێ. هەر وەکوو جاران.



## یۆسف پڵنگ‌کوژ

«بێکەس و بێدەر سەری ناوە، ئەو هەموو کەس‌وکارەشی هەبوو... لەو بنەوپاڵەوە، لە گەڕەکێکدا. هەر بۆیە جەرگم هەلاهەلایە. کەللە رەق نەیهێشت چاوێکم لێی‌بێ، لەو ئاخری عومرەیدا.»

ئەوەی قسەی دایکم بوو لەبەر خۆیەوە دەیگوت، دەتگوت لەگەڵ خۆی قسە دەکا.

لەسەر پلیکانەکە دانیشتبوو. بەرامبەر بەو دارو درەختەی لە حەوشەکەدا چرۆکانییان کرابۆوە. بابم وەنەوشەی دەچەقاند. تاقەتی پێمەڕەکاریم نەمابوو. بۆ چەقاندنی وەنەوشەکان گڵەکە نەرم ببۆوە. چوومە ژوورەکەمەوە. خۆم بە کامپیۆتێرەکەمەوە سەرقاڵ کرد.

رەوتی شەو ببوو بە راکردنی کیسەڵی شەل. لە تاریکوڕوونی بەیانیدا دەبوو وەڕێکەوتبام. خاڵم وەسیەتی کردبوو لە گەڕەکی قۆرخەسپی بینێژن. ناونیشانی لە سەر رۆژمێرە کۆنەکە نووسیبوو. نەدەخوێندراوە. رەنگبێ دەستی لەرزی بێ لە کاتی نووسیندا.

وەکوو ئەو جارەی لەسەر تەپۆڵکە رووناکە راکشا و بە تفەنگەکەی سێرەی لە مانگ گرت.

دەست و تفەنگی بە یەکەوە لەرزیبوو. زۆری خۆخلافاندبوو. گوتی:

«خەریکە بەردەبێتەوە نارەسەن. ئێستا دایدەبێژم. خالّی خۆم...»

لێینەدا. هەڵترووشکا. سەری خستە بەینی هەر دوو ئەژنۆیەوە. مانگ گەورە بوو، ماسیو و قورس بوو. رووناك وەك مانگەشەوی هاوین. دەبوو دایبگریە خوارێ. ئەودیوی کێوەکە تاریك بوو. دەنگی لوورەی گورگ دەهات. دڵم خێرا خێرا لێیدەدا.

گوتی: «مەترسە، دەنگی قاقای چەقەڵە.»

نەخشەی ڕێگاکەشی کێشابۆوە. سێچوار هێڵی خوار و خێچ. لاپەڕەکانی ڕۆژمێرەکەی لێکردبۆوە، نووشتاندبوویەوە و لە پاکەتی نابوو لە سەر تاقەکەی پشت تەختی خەوتنەکەی ئەو تەختەی هەتا ڕۆژانی کۆتای تەمەنی هەڵگری لەشە بێدار و بارەکەی بوو.

کاتێك گەیشتمێ هەر لە جێی خۆی بوو ماتڵی ڕاگوێزان.

بابم وتی: «هوومەن دەبێتە چاوساغ، شارەزایە، جارێك لەگەڵێدا چووە.»

گوتم: «ئەو وەختە چووکە بووم.»

گوتی: «ناچارین. دەچین و دەگەڕێین و دەیدۆزینەوە... بزانین چۆن دەبێ.»

بە گوێیدا چرپاندم: «جەژنە. تەحتیلە. سەیرانێکیشە بۆ منداڵەکان.»

بەیانی وەڕێ کەوتین. مەیتەکەیان لە پێشەوە دەبرد. ﴿ئوتووبان﴾ی کەرەج چۆڵ بوو. کەس نەدەگریا. بابم گوتبووی:

«کاکت وەك دێو کارەکانی بەراوەژوویە. ﴿بەهەشتی زارا﴾ی خۆمان خەرابییەکەی چی بوو؟»

دایکم دەنگی نەکردبوو. کراسە ڕەشەکەی لە یەغدانەکە دەرهێنابوو لە سەر فەرشەکە ڕایخستبوو چرچ و لۆچەکەی بە دەست پێداهێنان ساف کردبوو.

مانگ خاڵمی گرتبوو. لایەکی ڕوومەتی خواردبوو. ڕەش و شینی کردبۆوە.

لاو بوو لە شاری چووە دەرێ و ڕووی لە کەژ و کۆ کرد، لە نزیك هەمەدان گیرساوە و بوو بە خەڵکی ﴿بیدمحلە﴾ کاتێکیش گەڕاوە زۆر تێکچووبوو.

«هەتا ڕۆژی خۆی بوو. کێ بوو لە حاستی ئەو بڵێ پیاوم. نێو و نێوبانگی بوو.»

ئەوە قسەی خزم و کەس بوو.

هەرکات باسێك لە خاڵم دەهاتە گۆڕێ، پوورە شەمسی لە ئەژنۆی خۆی دەدا و دەیگوت: «کوێرابییم دایێ، ئەویندارى پەریناز بوو کەوتە کێوان...»



مێردەکەی پوورە شەمسی دەیگوت: «هەتا ڕۆژێك بوو لە هەمووان باشتر بوو، دەچووە سەر کاروباری خۆی، ئیدارەیی بوو. مێزێکی لەبەر دەم بوو ئە ئەوەندە!... کاتێك توورە دەبوو ژێردەستەکانی لە حەژمەتانا خۆیان بە سەر پێوە نەدەگرت.»

چووبووە خوازبێنی یەکەی” لەگەڵ پوورەکانم و بابم کە لەمێژ نەبوو ببوو بە زاوایان.

کاتێك پەریناز بە کەشەفە چایەکەوە هاتبووە ژووری لەبیری نەببوو دەستی بنێتە سەر لا ڕوومەتە برینداره‌کەی.

لە شەوگاری زستاندا، لە هەر ماڵێك شەونشینی با، بابم باسی ئەم ڕووداوەی دەکرد. ئەو قسەیە کاری لە جەرگی دایکم دەکرد حەوتەیەك بە سەر ئەو ڕووداوەدا تێنەپەڕیبوو پشتی کردە ماڵ و ژیانی و لێدا و ڕۆی.

من چیرۆکی ئەوم باش دەزانی، لە زمان بابمەوە، لە زمان پوورە شەمسییەوە، مێردەکەی و، ئەو کەسانەی لە نزیك و دوورەوە بینیبوویان. ئیتر کەسێك هەواڵی ئەوی نەبوو. دووریش نییە چووبێت بە شوێن لاڕوومەتە ڕووناکەکەیدا.

دایکم دەیکوت: «برای خۆمە، من لە هەموو کەس باشتری دەناسم. ئاخری ڕۆژێك هەر دێتەوە... بە نێوبانگترین گەڕەکەکانی شاری لەگەڵ دەگەڕێم. ماڵ بە ماڵ. جوانترین کچی بۆ پەیدا دەکەم.»

ئەودەمەی ڕۆیشت بیست و نۆ ساڵی بوو. تەمەنم یازدە ساڵێ بوو ئەو گەڕایەوە. لە نێو چوارچێوەی درگای حەسارێدا ڕاوەستابوو. بۆ ئەوە نەدەبوو لە ڕوومەتی بترسی” تاوسووت و تاریك بوو. بە پێکەنینەوە گوتی: «گوڕی خۆم ناوت چییە؟»

دەیگوت جاروبارە دەچێتە ڕاوێ. شوێنی برینەکانی ڕوومەتی نیشان دام:

«جێ پەنجەی پڵنگ!»

هاوینانە دەهات لەگەڵ خۆیدا دەیبردم بۆ لادێ. خانووەکەی بە کاگڵ سوواخ دابوو.

ژوورەکانی سپی کاری و ڕووناك بوو. عەسرانە لە ژێر سێبەری دار بییەکاندا دادەنیشتین.

خۆی بە خاوێن کردنەوەی تفەنگەکەیەوە خەریك دەکرد. دەیگوت:

«لەگەڵ خۆم دەتبەم بۆ ڕاوێ. ڕۆژێك سواری جیبەکە دەبین و دەڕۆین...»

دەیگوت: «دەمەوێ بە چاوی خۆت ببینی خاڵت چەندە ئەنگێوەیە. دەمەوێ ئەگەر ڕۆژێك گەڕایەوە تاران لە لای هەموو کەس باسی دەست و تفەنگی من بکەی...»

زۆر جار دەمەو ڕۆژئاوا خولێکی بە ناو کۆڵانەکاندا لێدەدا و دەگەڕایەوە. تفەنگەکەی بە گوڵمێخەکەدا کردبوو، بە دیوارەکەدا. کە دایە چاوی لێی‌بێ. بەرەوڕووی ئەو تەختەی لەسەری دەحەساوە. کەوڵی پڵینگەکەی لەبەر پێدا ڕاخستبوو. بە سەر زیلۆکەدا لەسەرخۆ گوتبووم: «ڕۆژێك ئەوانە تەواوی بۆ من دەبێ. دەیفرۆشم... لە ڕاوکردن بێزارم خاڵە...»

تەختەکەی وەجووڵە جووڵ کەوت. بە لای چەپدا وەرسووڕا : «هەتا ئەو ڕۆژەی من ماوم...»

کەوتەوە سەر ئەو بارەی دیکەی. لە سەر پشت ڕاکشا. هەر دوو دەستی خستە ژێر سەری: «بیان بە...»

ترس دڵی داگرتم گوتم: «شۆخیم لەگەڵ کردی هیوادارم باشتر بیت و بڕۆین بۆ ڕۆشن بێشە. بەڵێنم بدەری جارێکی تر لەگەڵ خۆتدا منیش ببەی.»

تەماشایەکی حەوشەکەی پشتەوەیانم کرد. دار سێوێکی خنجیلانەی لێبوو. وشك بوو. بۆخۆی نەمامەکەی ناشتبوو. لقەکانی بە دەم باوە دەلەرینەوە. لە بن لێوەوە گوتی: «ڕۆشن بێشە...»

چایم تێکرد. هەڵمساند. دانیشت. پاڵی بە باڵنجەکەوە دا. کڵاوە ڕەشەکەی لە سەری داگرت. دەستێکی بە قژە سپی و ئاڵۆزاوەکەیدا هێنا: «هەستە و بڕۆ.»

قابڵەمەکەم خستە سەر چراکە. گوتی: «نزیك ئێوارە پاروویەکم نان خواردوون.»

چاوی نووقاند: «بڕۆ لە دەرێ بیرێژە با پشیلە بیخوات... بە دایکت مەڵێ نەمخواردووە هەرچی لێنا بۆم بێنە.»

گۆشت ناخۆم. دایە لە قاپەکەدا دەمێنێتەوە. بەیانی هەروەك جاران هەرچی چێشتی شەوپاتە بوو. بردم و لە باخچەکە ڕشتم.

گوتبووی: «دەمەوێ هەر لە ماڵی بابمدا بمرم. ئاوا باشترە. نامەوێ لادێییەکان پیس و لێقەوماو ببینن.)

درگای ماڵەکەی بۆ کەس نەدەکردەوە. لە دوا ڕۆژەکاندا دایکم دەیگوت:



زۆر بۆی بە پەرۆشەوەم. هەتا بۆمان بکرێ. دەبێ بچین و دیدەنی‌یەکی لێ بکەین.»

لەسەر دیوارەکە بازم دابوو. لەشی هێشتا گەرم بوو. چاوی لەسەر یەك دانابوو. وەکوو ئەو جارەی چاوی نووقاند و گوتی:«ئێستا هەستە بڕۆ...»

مەلافەیەکم بەسەردادا. سەتڵێك ئاوم کردە بن دارسێوەکە. زۆر جار دەیگوت:«بۆن و بەرامەی ڕۆژانی لاویمی پێوەیە...»

وشك و بێ‌بۆن بوو. بۆ ئەوە دەبوو لە بنەوە بە مشار بیبڕییەوە.

باسی (بید محله)ی دەکرد زۆر بە ژیرییەوە: «خۆشیان دەویستم... ڕێز و حورمەتیان بۆ دادەنام، هەر لەوێ ردێنم سپی بوو، خاڵە گیان!»

بێ‌ژن و منداڵ جێی خۆی خۆش کردبوو.

لە وەختی ڕا و شکاردا سواری جیبە شەق و شڕەکەی دەبوو سێ چوار ڕۆژێك لە بید محله دەچووە دەرێ. گوێی بە با و باران نەدەدا. بە شاخ و کێودا تێدەپەڕی و خواروژووی ئاوایی دەپشکنی. لە خرە زەردان چایخانەیەکی لێبوو تەواوی ڕاوچییەکان شەوانە بە دەوری یەکدا کۆ دەبوونەوە ئاوریان دەکردەوە و باسی ڕاو و شکار و تفەنگی خۆشدەست و تیر و توربێنی پڕ لە کەروێشك و نێچیریان دەکرد کە خوێنەکەیان دڵۆپ دڵۆپ دەتکا سەر عەرزی. بە قاقاوە پێدەکەنین و گۆشتی برژاویان دەخوارد و بە ئیستیکانی قەدباریك چایی ڕەشیان بە سەردا هەڵدەقوڕاند و سڵاویان بۆ یەکدی دەنارد. وامدەزانی لە سەر خوێنی گەرم دەچۆڕێ. ئەو شەوە زۆر ترسابووم. لە پەنا تەختەکەدا هەڵکورمابووم. پاڵم بە دیوارە ساردەکەوە دابوو. کەسێك بیری لە لای من نەبوو.

ئەودیوی پەنجەرەکە تاریك و هاژە و هووژەی با بوو لەگەڵ خشەی دار و درەخت. چایچی سکڵ و پۆلووی گەشاوەی دەخستە منقەڵییەوە و جیڕەی بافوور و بۆنی تاڵی تریاك گێژی کردم و خەو بە لایدا خستم.

پاسەکە بە دەنگی قاقاکێشیان و دووکەڵی سیگاری هاوڕێیان لەوانە بوو بخنکێ. شاگرد شۆفیر بە گاڵتەوە دەدوا. پوورە گیانیشم ملی نابوو لە هاتەران و پاتەران. باسی دواکەوتنی زەماوەندی پەروانەی دەکرد: «هەر کە چلەی خاڵە تەواو بوو جا ئەوکات...»

منداڵی خزمەکان هەر هەموویان لە کاتی سوار بووناد پرسیبوویان: «خاڵە پڵینگکوژ دەبێتە چی ئێمە؟»

بابم لە بنەوە تەماشایەکی دایکمی کردبوو.

گوتم: «دوێنێ شەو دیاری کردنی کچی پوورە شەمسی بوو.»

گوتی: «زۆر باشە، ئەگەر وابێ پەروانەشمان ڕۆیی!»

دەستە ڕەقەڵەکەی لە حەوا هەڵسووڕاند. گوتم: «تۆ ئەوت لە کوێ دیوە؟»

هۆشی لە لای من نەبوو. گوتی: «پەر..../.....»

تەماشای تفەنگە ژەنگاوی و من و دار سێوەکە ناکات. سەیری قامکەکانی خۆی دەکرد.

پەروانە لە پێشەوە لە بەر دەم پیرەژنەکانی خزمی خۆمان دانیشتبوو. لە کاتی سوار بووندا بە چارشێوەکەی ڕوومەتی خۆی داپۆشیبوو. مەکری بە سەر مندا دەکرد کە نەچووبوومە دیاری کردنی. تاقەتی مەکر و ناز و نووزی ویم نەبوو. چووم لە پشتەوە دانیشتم. بە تاقی تەنیا. دەستگیرانەکەی نەهاتبوو. بە گوێی دایکمدا چرپاند:

«دەزانی کوڕە لە ترسی من نەیوێراوە بێت.»

دایکم بە هێمنی پاڵێکی پێوەنام: «بچۆ لەسەر جێگای خۆت دابنیشە، پەڕۆ بە گوو، خۆشی بە شتێك دەزانێ...»

وتم: «ساڵێکی دی دیپلۆمەکەم وەردەگرم. دەمەوێ دایکم بنێرم بۆ خوازبێنی. هەر کەسێك بێ قەیدی ناکا. تاقەتی خوێندن و زانستگەم نییە... ئەرێ بانگهێشتنت کەم دێی؟»

هێشتا بە دەستی سەمای دەکرد: «چایەکی ڕەش بۆ خاڵە پڵینگکوژ تێکە، کوڕی باش!»

جادە گەورەکەی قەزوێن چۆڵ بوو. شۆفێر لایدا دەستی ڕاست. ئەو ماشینەی مەیتەکەی لەسەر بوو لە پێش هەموانەوە بوو. تەپ و تۆزی وەڕێ خستبوو توند دەڕۆی یەکێك لە پاسەکەدا خورمای دەگێڕا.



لە ڕێگا خۆڵینەکەوە دەڕۆیشتین. ئەوەندەی چاو دەیبینی. دەشتێکی سەوز بوو. دەبوو جارێ ئەو ڕێگایەمان بڕیبا. کێو و بەندەنەکانمان لە پێش بوو. دواتریش کێوە دوورەکان بەجێدەمان. ڕووبارە خۆشەکەشمان بەجێ دەهێشت. ئەوجار چایخانەکە دەردەکەوت ئیتر مێرگ و چیمەن و لەوەڕگە بوو.

گوتبووی: «پاشماوەی ڕێگاکە دەبێ بە پێیان بڕۆین. پاڵەوان».

لە ژێر سێبەری دارەکان جیبەکەی ڕاگرت. خوڕە خوڕی ئاوەکە دەنگێکی بلاوێنی هەبوو لە شاخ و کێوەکانەوە دەهاتە خوارێ. کۆڵەپشتییەکەی لە پاشکۆی ماشینەکە داگرت و لە کۆڵی خۆیدا. ئیزنی پێدام تفەنگەکەی هەتاکوو لە سەر بەندەنەکە بۆ هەڵگرم.

گەورە بوو. هەموو جارێ لوولەکەی لەبەردە تەڕەکان دەخشا. تەقە تەق دەنگی دەهات. گوتی: «وەرە بە دوومدا.»

شەقاوەکانی خێراتر کرد. بە فیتوو لێدان سەرکەوت. سەرکەوتن لە بەندەنە سەوز و دڵگیرەکە. بە هانکە هانك وەدووی کەوتم. مژێکی خەست گژ و گیای داپۆشیبوو دەوروبەری خۆمان نەدەبینی. زۆریش لە منەوە دوور نەبوو. لە پێش چاوم هەروەك ڕۆستەم وابوو. هەرچەندە بە شان و باهۆ ڕۆستەمی دەستان نەبوو. باڵابڵند و چوارشانە بوو. ڕێك و لەبار دەڕۆی. ترسیشی لە تاریکی نەبوو. بە بای خەیاڵیدا نەدەهات. با و بۆرا نبا یان شەق و کوتی پەنجەرەی چایخانەکە. دەیتوانی دەشت و کێوی ئاوایی بیدمحلە بەجێ بێڵێ، وەکوو پاڵەوانەکەی گەڕەکی خۆمان ڕۆژانی هەینی بە بەر چاوی خەڵکی گەڕەکەوە لەبەر تیشکی هەتاوی زستان لەسەر زەوی ڕابکشێ و نەجووڵێ هەتاکوو ماشێنێکی جیب بەسەریدا بڕوات. گەورە و چکۆلە چەپڵەی بۆ لێدەن و ئافەرینی پێبڵێن من دەستم لە کەلەکە بنێم و قیافە بگرم و بڵێم: «بەڵێ ئەوە خاڵی منە!»

گوڕاندم: «ئەگەر ڕۆژێك گەورە ببم دەمەوێ ترسم لە هیچ نەبێ...»

ڕاوەستام. لوولەی تفەنگەکەم کردە حەوا. دەستم دەلەرزی. پێکەنی. وەڕێکەوت:

«خەریکە شەو دادێ. تاکوو وەدرەنگی نەکەوتووین دەبێ وەگەڕێین. لەوە دەترسم بابت پەرێشان بێت و تەلەفوون بکا بۆ پۆلیسی نێو ڕێ.»

تفەنگەکەم بە دەستەوە بوو خولێکم خوارد: «تەتەق شەق...»

چاوی لەبەر پێی خۆی بوو لە سەرەخۆ دەڕۆیی. لە من دوور کەوتبۆوە. ترس هەڵیگرتم. لە دەوروبەری خۆم روانی. پەلەوەرەکانیش لە رەنگی دارو درەخت دەچوون بە سەر لقی دارەکانەوە جریوە جریویان دەهات و دەفڕین و دەنیشتنەوە. دەنگیان لە دەنگی باڵندەکانی سەر درەختەکانی حەوشەی خۆمان نەدەچوو. گوتم:

«خاڵە گوللەیەك بهاوم؟»

قاقا پێم پێدەکەنی: «زامنەکەم قوفڵ کردووە پاڵەوان!»

لە پێشمانەوە وردە بەرد دەهاتنە خوارێ. شتێکی رەنگ خۆڵەمێشی لە نێو مژەکەدا دەردەکەوت و ون دەبوو. گوتی: «بزنەکێوی بوو رایکرد.»

گوتی: «بۆ خوارێ بڕوانە. لە نزیك ئاوەکە. ئەو چاوە جوانانەت دیوە، سەیری بکە.»

بە خێرایی هات بۆلام: «ئەو تفەنگەم بدەیە.»

سێرەی لێگرت. هەردوو گوێی خۆم گرت. چاوەکانی بزنەکێوی، لە دەم رووبارەکەوە سەیری دەکردم. دەتگوت هێزی جوولانی لێبڕاوە... ئاسمان بە گەڵای سەوز داچەندرابوو

گوتی: «قەت وانەبووە ئامانج نەپێکم.»

گوتم: «لێی نەدەی!»

گوتی: «لێم نەدا. لێی‌گەڕام لێرە دوور بکەوێتەوە.»

سەیری دارسێوە وشکەڵەکەی کرد. پاسارییەکان بە سەریەوە هەڵنیشتبوون.

گوتی: «لە ژیانمدا راوم نەکردووە... لێمنەدا. قەت لێی‌نادەم ئەوڕۆژە سێرەم لە ئاوەکە گرتبوو...» گوتبووی: «نارەسەن رایکرد...»

پێکەنیبوو دەستی بەسەرمدا هێنابوو لە عەرزی بەرزی کردبوومەوە:

«تۆ گوتت. لێینەدەی منیش لێمنەدا. تازە لەمەولا قەتی لێنادەم. ئێستاش مەگری ئەوا خەریکە مانگ هەڵدێ. بابچینە سەر کێوەکە رابکشێین و سەیری دەرکەوتنی مانگ بکەین کەیفی لە لایە...»

گوتم: «کە وابوو مەسەلەی پڵنگ و پێستی پڵنگ چییە؟»

چوار پەلی بە سەر زیلۆکەدا راکێشابوو. دەستم بە سەر تووکە نەرمەکەیدا هێنا لە ژێر پەنجەمدا دەخزی. گوتی: «قاوەچییەکە هاوڕێم بوو. راوچییەکی ئەنگێوە بوو.



پارەیەکی زۆری لێسەندم سەرەکەی نەیدامێ. دەیگوت کای تێدەئاخنێ و بە دیوارەکەیدا دەکا.

پێی‌گوتم: بە خەڵکی دەڵێم دیاری تۆیە.»

لەسەر تەختە فەنەرییەکە هەڵکشا و پاڵی دا بە باڵنجە سپییەکەوە:

«لەمێژ ساڵە نەچوومەتە سەر کێوە رووناك... دایمە دڵم بەوە خۆش بوو لەسەر کێوەکەوە درێژ ببم و سەیری مانگ بکەم. دوجاریش سێرەی لێبگرم. باوەڕناکەی چەندە کەیفی لە لایە... روومەتی شەق و پڕ دەبێ... تەق تەتەتەق»

تەماشای کردم. لە خۆشیدا چاوەکانی دەدرەوشایەوە:«بچۆ ئەوسەری کۆڵانەکە و دەنکێکم جغەرە بۆ بێنە. تەنیا دەنکێك. چەندەم حەز لێیەتی»

وەختێك بە پاکەتێك جغەرە گەڕامەوە، خەوی لێکەوتبوو.

لە پشت شووشەی پاسەکەوە، دەرودەشت پڕ بوو لە مێلاق و گوڵی رەنگاوڕەنگ.

شەو نەبوو. مانگ بە دەرەوە نەبوو. چاوم بۆ چایخانەکە گێڕا دیار نەبوو. دەتگوت قەت قەت چایخانە لەو دەوروبەرانە نەبووە. مژەکە هەموو لایەکی تەنیبوو.

لەسەر سەربانە سوورەکانی ئاوایی چۆکی دادابوو.

مێردەکەی پوورە شەمسی گیان گوتی: «فاتیحا...»

پەروانە کەشەفە حەڵواکەی سەندەڵی بە سەندەڵی دەگێڕا. لە دوورەوە سەیرم کرد.

چارشێوەکەی لە سەری کەوتبووە خوارێ و لەسەر شانی گیر ببوو. روومەتە سپییەکەی لە پەرژینی لەچکە رەشەکەی گیرابوو. برۆ رەش و قەترانییەکەی ماڵی کەوان بوو.

سەروچاوم خستە نێو هەر دوو لەپی دەستمەوە. زۆڕە زۆڕ ملم نا لە گریان.